

# زیان و مەترسییەکانی

# سوتاندنی غاز

پێشەوا شێخ رەئووف

# زیان و مەترسییەکانی

# سوتاندنی غاز

پێشەوا شێخ رەئووف

٢٠١٩

ناوی کتێب: زیان و مەترسییەکانی سوتاندنی غاز

ئامادەکردنی: پێشەوا شێخ رەئووف

دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم ساڵح

دیزاینی ناوەڕۆك: ئامادەکار

هەڵەچن: سەرکۆ شێخ رەئووف

چاپخانە: چـوارچـــــرا

ساڵی چاپ: ٢٠١٩ زاینی

نۆبەتی چاپ: دووەم

تیراژ: ٢٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە سپاردنی (١٤١٩)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوە و لەبەرگرتنەوە و

بڵاوکردنەوەی بۆ ئامادەکار پارێزراوە



## پێشـکەشـــــــە:

- بە هەموو ئەو کەسانەی کە هەوڵدەدەن سامانی سروشتی ئەم وڵاتە، لەخزمەتی مرۆڤایەتی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیاندا بێت.
- بە هەموو ئەو کەسانەی لەهەوڵی پاراستن و پاکڕاگرتنی ژینگەی ئاو و هەوا و خاکی وڵاتەکەماندان.
- بە دایکم و خوشکی تاقانەم (**شادیە**).
- بە (**جوان مەجید**) ئەو مرۆڤەی هەمیشە وزە و توانایەکی مرۆیی گەورەیە لەپشتی کارەکانمەوە.
- بە (**پەیـوەست و پەیـوەنـد**)، کە هیوادارم لەئایندەدا ببنە داکۆکیکار بۆ پاراستنی ژینگە و سامانی سروشتی وڵاتەکەیان.

## ناوەڕۆك

پێشەكی.................................... ٩
بەشی یەكەم................................ ١٥
سوتاندنی غاز................................ ١٧
بەهای غازی بەفیڕۆدراو........................ ٢٣
عێراق مەترسییەكی گەورەیە بۆسەر ژینگە..... ٢٩
غاز وەك سەرچاوەیەك بۆ بەرهەمهێنانی كارەبا... ٣٢

بەشی دووەم................................ ٣٤
هۆكارەكانی سوتاندنی غاز...................... ٣٥
ئەڵتەرناتیڤی سوتاندن......................... ٣٧
بەهۆی غازەوە هەزاران جۆر باڵندە و مێروو
لەناوچوون.................................. ٣٩
زیانە ژینگەییەكان............................ ٤٢
زیانە تەندروستییەكان......................... ٤٤
زیانە ئابورییەكان............................ ٤٧

غاز بەرپرسێکی سەرەکییە لەبەرزبونەوەی رێژەی دوانەئۆکسیدی کاربۆن لەهەوادا.................٥١

بەشی سێیەم.................................٦٢
یەدەگی غازی عێراق .........................٦٣
وەبەرهێنان لەبواری غازدا......................٧٢
وزە و رۆڵی لەئاراستەی سیاسەتی ولآتان......٨٠
روسیا دەیەوێت لەپێشەنگدا بمێنێتەوە.........٨٣
یەدەگی وزەی روسیا لەهەڵکشاندایە............٨٧
جەنگی غاز...................................٨٩

بەشی چوارەم................................٩٣
مێژووی غازی سروشتی لەعێراق................٩٥
کۆمپانیای غازی باکور "کەرکوك"..............١٠٠
کۆمپانیای غازی باشور.......................١٠٤
تەنها بەهۆی غازەوە ساڵانە ٤٤ ملیۆن تۆن غازی $CO_2$ دەکرێتە هەواوە.........................١٠٨
بەرهەمهێنانی غاز............................١١٠
سەرچاوە.....................................١١٣

## پێشەکی

وەك لای هەمووان ئاشکرایە، نەوت و غاز، یەکێکن لەسەرچاوە سەرەکییەکانی وزە، لە ئێستاشدا ئەم دوو توخمە سەرەکییە، ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ لە ژیانی مرۆڤ و ئاستی بەرەو پێشکەوتنی ژیان و ژیار و شارستانێتی دەگێڕن و بەهایەکی گەورەیان لەسەر ئابوری وڵاتان هەیە، هاوکات کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر باڵادەستی و زلهێزی وڵاتانی جیهان هەیە، ئەویش وەکو ئەو وتەیەی دەڵێت "ئەوەی نەوت و ئابوری دونیای بەدەستەوەیە، جیهانی بەدەستەوەیە"، بەو مانایەی هەر وڵاتێك خاوەنی گەورەترین سەرمایە و ئابوری بەهێز بێت، ئەو وڵاتە زلهێزترینی جیهانە

لەڕووی سیاسەت و پێشکەوتن و چەك و سوپاوە.
بۆیە کەس گومانـی لەوە نییە، ئەو ڕۆڵەی نەوت و غاز هەیانە، ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ و پڕ بایەخە، هەر ئەوەشە وایکردووە، بەشێکی زۆری ململانێ و شەڕ و شۆڕ و پێکدادانەکان لەنێوان وڵاتان و میلەتانی جیهان، لەسەر سامانی سروشتی بێت.
بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانییە، بەشێك لەو وڵاتانەی خاوەنی سامانی سروشتین، بەتایبەتی غازی سروشتی، نەیانتوانیوە وەکو پێویست کەڵك و سوود لەو سامانە گرنگە وەربگرن، لەسەر ئاستی جیهان، تەنانەت وڵاتە زلهێز و پێشکەوتووەکانیش کە خاوەنی تەکنۆلۆژیایەکی بەهێزن، نەیانتوانیووە بەباشی سوود لە غازی سروشتی وەربگرن، بەڵکو بەهەر هۆیەك بێت بەشێکی زۆر لە غازی

سروشتييان به فيڕۆ دەدەن و بەناچاری دەيانسوتێنن و دەيكەنە هەواوە.
لەسەر ئاستی دونيا، سالأنە مليارەها تۆن غــازی سروشتی دەسوتێنرێت و كەڵكی لێوەرناگيرێت، ولأتی عێراقيش يەكێكە لەو ولأتانەی كە خاوەنی رێژەيەكی زۆری غازی سروشتييە، بەلأم هەر لەسەرەتای دۆزينەوەی نەوت و غازەوە لەژێر خاكی ئەم ولأتەدا، غازە سروشتييەكەی بەفيڕۆ دراوە و سوتێنراوە، تەنانەت لەسەرەتای سالأنی هەشتای سەدەی ڕابردووش، كە حكومەتی عێراق دەستيكرد بە بونياتنانی چەند كارگە و كۆمپانيايەك بۆ كەڵك وەرگرتن لەغازی سروشتی ولأتەكەی، بەلأم تێپەڕبوونی دەيان ساڵ بەسەر پلانەكانی حكومەتی عێراق، هێشتا رێژەيەكی زۆر لە غاز بەفيڕۆ دەدرێت و بەناچاری دەسوتێنرێت و دەخرێتە ناو هەواوە.

سوتاندنی غاز، کردەیەکی ناچارییە، لەئەنجامی دواکەوتوویی پیشەسازی و نەبوونی پلانی تۆکمەوە دەسوتێنرێت، لەکاتێکدا ئەگەر حکومەتی عێراق و پلاندارێژەرانی سیاسەتی وزە و ئابوری ئەم وڵاتە خەمخۆری و پلانی تۆکمەیان هەبوایە، زۆر بەباشی دەتوانرا سوود و کەڵك لەو غازە وەربگیرێت و بکرایەتە سەرچاوەیەکی بەهێزی وزە و ئابوری و مادەیەکی سەرەتایی بۆ دەیان و سەدان کارگەی پترۆکیمیاوی.

ئەوەی کە تائێستا هەیە و دەیبینین، لەسەرتاسەری عێراقدا، لەنێو پاڵاوگە و کۆمپانیا و کێڵگە نەوتییەکان، تاوەر و شەمعەی غاز سوتاندن هەیە، بەشێوەی هەمیشەیی ئەو غازەی کە هەیە بەشێکی زۆری لێدەسوتێنرێت، بۆیە لەم نامیلکەیەدا، بە پشت بەستن بە راپۆرت و ئامار و لێدوانە

فەرمییەکانی بەرپرسانی حکومەتی عێراق و راپۆرتی ناوەندەکانی تایبەت بە وزە و ئابوری و ژینگە لەسەر ئاستی جیهان، بە داتا و ژمارە، هەوڵمداوە تیشك بخەمە سەر ئەو زیانانەی لەئەنجامی سوتاندنی غازەوە بە ئابوری و تەندروستی و ژینگەی عێراق و وڵاتانی جیهان دەکەوێت.

بەو هیوایەی لەئایندەیەکی نزیکدا، ئاوڕی جدی و خەمخۆرانە ببینین لەم سەروەت و سامانە گرنگە نیشتمانییە و بخرێتە خزمەتی هاوڵاتیان و خۆشگوزەرانیی خەڵکەوە.

پێشەوا رەئووف حامد

چەمچەماڵ

٢٠١٩/٤/١٧

# بەشی یەکەم

- سوتاندنی غاز
- بەهای غازی بەفیڕۆدراو
- عێراق مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر ژینگە
- غاز وەك سەرچاوەیەك بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا

## (بەشی یەکەم)

# سوتاندنی غاز

# Gas flaring

**هەموومان گڕی ئەو ئاگرانەمان بینیوە کەلە کێڵگەکانی نەوت و غازدا بە گەشاوەیی دەسوتێت، ڕەنگە بۆ زۆرێکمان دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێش بێت و ئارەزوو بکەین تێی بڕوانین. لەکاتێکدا زۆرکەم لەخەڵکی زانیارییان لەبارەی گڕی ئەو ئاگرەوە هەیە، کە دەسوتێنرێت و هەمووان لە دوورەوە تەماشایان دەکەین و نازانین بۆچی ئەو ئاگرە لە هەندێ بۆری و لوتکەی شەمعەی کێڵگە و پاڵاوگە نەوتییەکانەوە دەسوتێت. بێ ئەوەی بزانین ئاخۆ ئەوە چیە دەسوتێت یان بۆچی دەسوتێت؟ ئایا زیانی هەیە یان نا؟**

**ئەو گڕی ئاگرانە کە هەندێکجار بەرزییەکەی دەگاتە چەندین مەتر، بریتییە لە سوتاندنی غازی**

سروستی یان غـازە جـۆراوجۆرەکانـی تــر کە لە پێکهاتەی نەوتی خاودا هەن.

کەواتە سوتاندنی غاز، بریتییە لە سوتاندنی غازی سروشتی کە ناتوانرێت چارەسەربکرێت یان بفرۆشرێت، یاخود لەبواری پیشەسازی و بەرهەمهێناندا کەڵکی لێوەربگیرێت.

سوتاندنی غاز لەپالأوگە و کارگە پترۆکیمیاییەکانو وێستگەکانی چارەسەرکردنی غازی سروشتی و شوێنەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و غاز ئەنجام دەدرێت.

بەفیڕۆدانی غاز لە لوتکەی ئامێرەکانی هەڵهێنجانی نەوت وێنەیەکی دیار و بەرچاوە لە پیشەسازی نەوت و غازدا.

شارەزایانی بواری وزە و ئابوری پێیانوایە، پرۆژەی چارەسەرکردنی سوتاندنی غازی میثان و ئیثان کە لەگەڵ غازی سروشتی و چەند پێکهاتەیەکی تری غازدا دەسوتێنرێت، لەعێراقدا پێویستی بە ١١ یانزە ملیار دۆلار هەیە.

هەنگاوەکانی چارەسەرکردن و پلاندانان بەمەبەستی بەفیڕۆنەدانی غاز پرۆسەیەکی دوور و درێژە و پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە، جگە لەوەی لەڕووی تەکنیك و تەکنۆلۆژیای پیشەسازییەوە، پێویستی بە تەکنیکی بەرز و بنیاتنانی کارگە و کۆمپانیای تایبەت هەیە، بۆئەو مەبەستە حکومەتی عێراق لەساڵی ٢٠١١دا گرێبەستێکی لەگەڵ هەر یەك لەکۆمپانیاکانی "شێڵ" و "میتسیۆبوشی" و "غازی باشور"ی عێراق بەبڕی ١٧,٢ ملیار دۆلار ئەنجامداوە، بەمەبەستی چارەسەرکردن و بەفیڕۆنەچوونی ئەو غازەی کە لەکێڵگە نەوتییەکانی رومێلە و قوڕنەی رۆژئاوا و زوبێر لە باشوری عێراق دەسوتێنرێت و بەفیڕۆدەدرێت.

پڕۆژەکە پڕۆژەیەکی هاوبەشە، بەمەبەستی دروستکردنی کۆمپانیای غازی بەسرە، بەهاوبەشی هەریەك لەکۆمپانیاکانی غازی باشوری عێراق بەڕێژەی ٥١٪ و کۆمپانیای شێل

بەڕێژەی ٤٤٪ و میتسیۆبوشی بەڕێژەی ٥٪ کە ئامانجی سەرەکی چارەسەرکردن و بەفیڕۆنەچوونی غازی کێڵگە نەوتییەکانە کە ڕۆژانە دەگاتە ٢ ملیار پێ سێجا غاز.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی "کۆمپانیای شێڵ" ڕۆژانە بڕی ٧٠٠ ملیۆن پێ سێجا غاز لەکێلگەکانی نەوت لەباشوور دەسوتێنرێت، وەك لەراپۆرتەکەی کۆمپانیای "شێڵ" دا هاتووە، ئەو بەفیڕۆدانی غازە پارەیەکی بەفیڕۆ چووەو ساڵانە بە نزیکەی ١.٨ ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

شارەزایانی وزە ئاماژە بەوەدەکەن، ئەو غازەی دەسوتێندرێت لەکاتی چارەسەرکردنیدا دەتوانرێت هەناردەی دەرەوەی عێراق بکرێت، کاتێك ناوخۆی عێراق پێویستی بەو بڕە غازە نەبوو، واتا دەتوانرێت عێراق لەوڵاتێکی هاوردەکەری غازەوە بکرێتە وڵاتێکی هەناردەکاری غاز، لەکاتێکدا ئێستا عێراق بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستی غازی

**ڕۆژانەی لەوڵاتانی دەوروبەرییەوە غاز هاوردە دەکات.**

**لەدوای ساڵی ٢٠١٠ەوە بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لەکێڵگەکانی باشووری عێراق زیادی کردووە، ئەویش بەهۆی ئەو گرێبەستانەی کە لەگەڵ ژمارەیەك کۆمپانیای نێودەوڵەتی ئەنجامی داون، بەو هۆیەشەوە بەرهەمهێنانی غازی سروشتیش** natural gas **زیادی کردووە. بەشێوەیەك بەرهەمهێنانی غازی سروشتی لە نۆڤەمبەری ٢٠١١دا بەشێوەیەکی مامناوەندی گەیشتووەتە ١,٣٣٨ ملیۆن پێ سێجا.**

**بەپێی پێشبینییەکانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان کە لێکۆڵینەوەیان کردووە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی غازی سوتاو و بەفیڕۆچوو لەناو کێڵگەکان، لەماوەی پێنج ساڵدا عێراق پێویستی بە چوار کارگەی بەرهەمێنانی کارەبا هەیە بەغازی سروشتی کار بکات.**

## بەهای غازی بەفیڕۆدراو

ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی لەساڵی ٢٠١٢دا ڕایگەیاندووە، بەهای پێشبینیکراوی غازی سوتێنراو یان بەفیڕۆدراو تا ساڵی ٢٠٢٠ دەگاتە ٧٠ تا ١٠٠ ملیار دۆلار.

لەلایەکی ترەوە بانکی نێودەوڵەتی لەماڵپەڕی تایبەتی خۆی ڕاپۆرتێکی بلاوکردۆتەوە و تیایدا ئاماژە بەوەدەکات، ڕێژەی غازی سوتێنراو سالآنە بەرەو بەرزبوونەوە چووە.

بانکی نێودەوڵەتی لەڕاپۆرتەکەیدا دەڵێت "بەپێی دەستنیشانکردنی ڕاپۆرتی مانگە دەستکردەکان ڕێژەی غازی سوتێنراو لەسەر ئاستی جیهان لەساڵی ٢٠١٦دا گەیشتووەتە ١٤٩ ملیار مەتر سێجا، ئەمەش دوو ملیار مەتر سێجا لە ڕێژەی غازی سوتێنراوی ساڵی ٢٠١٥ زیاترە کە لەو ساڵەدا بڕی غازی سوتێنراو بریتی بووە لە

١٤٧ مليار مەتر سێجا".
ئەوەی تێبینیكراوە زیاتر لە وڵاتانی روسیا و ئێران و عێراق، غاز سوتێنراوە و بەفیڕۆدراوە، لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش، ڕێژەكە كەمیكردووە لەچاو وڵاتانی تردا.
راپۆرتی مانگە دەستكردەكان ئاشكرایان كردووە، بەرزبوونەوەی بڕی سوتاندنی غازی سروشتی لە ئێران زیاتر لە ٤ مليار مەتر سێجا بووە لە ساڵێكدا، ریژەی غازی سوتێنراوی وڵاتی روسیاش نزیكبۆتەوە لە ٣ مليار مەتر سێجا، لە عێراقیش بڕەكە گەیشتووەتە زیاتر لە "یەك" مليار مەتر سێجا لە ساڵێكدا.
ریژەی سوتاندنی غاز لە روسیا بە بەراورد بە ریژەی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو، گەیشتووەتە نزیكەی نیوەی غازی سوتێنراوی جیهان.
زانیـاریی ناوەنــدە جیهانییەكــانی تایبەت بە وزە ئـامــاژە بەوەدەكـەن، لەســاڵی ٢٠١٦دا رێــژەی سوتاندنــی غــاز لە ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ١١ ملیار مەتر سێجاوە دابەزیــوە بــۆ کەمتر لە ٩ ملیار مەتر سێجا.

سەرەڕای ئەو وڵاتانەی کەبڕی غازی سوتێنراویان ڕووی لە بەرزبوونەوە بووە، لەساڵی ٢٠١٥ و ٢٠١٦دا لەتەواوی وڵاتانی تری بەرهەمهێنی نەوت و غاز بڕی غازی بەفیڕۆدراو ڕووی لەکەمی کردووە.

ژمارەیەك حکومەت و کۆمپانیا و دامەزراوەی تایبەت بە وزە دەستپێشخەرییەکیان کردووە، بۆئەوەی ڕێکەوتنێك واژوو بکەن، بەمەبەستی کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی غازی سروشتی و کۆتاییهێنان بەسوتاندنی غاز لەکێڵگەکانی بەرهەمهێنانی نەوت هەتا ساڵی ٢٠٣٠. ژمارەی ئەو دەوڵەتانەش گەیشتووەتە ٧١ وڵات و کۆمپانیای نەوت و دامەزراوەی مرۆیی نوێنەرایەتی ئەو وڵاتانە دەکەن کە ٥٤٪ی غــازی سروشتی دەسوتێنن لەسەر ئاستی جیهان.

لەسەرتاسەری جیهاندا لە ناوچەکانی بەرهەمهێنانی نەوتی خاودا سالآنە ملیارەها مەتر سێجا غازی سروشتی دەسوتێنرێت، لەکاتێکدا دەتوانرێت پارەی ئەم وزە بەفیرۆدراوە بەکاربهێنرێت بۆ گەشەی ئابوری و پێشکەوتنی هەر ولآتێک، ئەو سوتاندنە بەشدارە لە گۆڕانکاری کەشوهەوا و فرێدانی ملیۆنان تۆن لە غازی دوانەئۆکسیدی کاربۆن بۆ ناو بەرگە هەوای زەوی.

لەکاتی بەرهەمهێنانی نەوتدا، لەهەندێ کێڵگەدا تەواوی ئەو غازەی لەگەڵیدایە دەسوتێنرێت، بەبێ ئەوەی لە کارگەیەکدا سوودی لێ ببینرێت و لەبواری پیشەسازیدا کەڵکی لێ وەربگیرێت.

| | |
|---|---|
| ٢٠١٥ | ١٤٧.٣<br>مليار مەتر سێجا |
| ئێران | + ٤.٣ |
| روسيا | + ٢.٨ |
| عێراق | + ١.٥ |
| ئەمريكا | -٣ |
| وڵاتانی تری خاوەن بەرهەم | -٣.٦ |
| ٢٠١٦ | ١٤٩.٤<br>مليار مەتر سێجا |

**خشتەی ژمارە (١)**

**غازی سوتێنراو لەسەر ئاستی جيهان**

**٢٠١٥ بۆ ٢٠١٦ / مليار مەتر سێجا**

**بەپێی تازەترين راپۆرتی مانگە دەستكردەكان، عێراق ساڵانە زياتر لە ١٦ مليار مەتر سێجا غاز دەسوتێنێت لەكاتی بەرهەمهێنانی نەوتدا. بەمەش بووە بە دووەمين وڵات لەسەر ئاستی جيهان كە غاز دەسوتێنێت.**

## عێراق مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر ژینگە

عێراق بەرپرسە لەوەی سالأنە بڕی ٣٠٠ ملیۆن تۆن  لە غازی دوانەئۆکسیدی کاربۆن دەکاتە نێو بەرگە هەواوە، کە ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەرمبوونی گۆی زەوی. لەکاتێکدا ئەو غازەی دەسوتێنرێت سەروەت و وزەیەکی  گرنگ و بە بایەخە کە دەتوانرێت سوودی لێ ببینرێت و لەکەڵکی مرۆڤایەتیدا بەکاربهێنرێت. کە لەزۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا ئەو غازە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا سوودی لێ وەردەگیرێت.

سوتاندنی غاز بەبێ کەڵك لێوەرگرتنی تەنها زیان بە ژینگە ناگەیەنێت، بەڵکو  سوتاندن و بەفیڕۆدانی ملیارەها دینارە دەبێت بە دوکەڵ و دەچێتە هەواوە.

بەپێی راپۆرتێکی دیکەی مانگە دەستکردەکانی

تایبەت بە ژینگە، کە بەڕێوەبەرایەتی نیشتمانی بۆ توێژینەوەی زەریا و دەریاکان و بەرگەهەوا دەستپێشخەری جیهانی بۆ کەمکردنەوەی سوتاندنی غاز بڵاوی کردۆتەوە، ئاماژە بەوە دراوە کە سوتاندنی غاز لەعێراقدا لەماوەی چوار ساڵی ٢٠١١ بۆ ٢٠١٥ زۆر زیادی کردووە، کە ساڵانە ئەم وڵاتە بڕی ١٢ ملیار مەتر سێجا غاز دەسوتێنێت، تەنانەت لە ساڵی ٢٠١٥دا سوتاندنی غاز گەیشتۆتە ١٦ ملیار مەتر سێجا.

لەلایەکی ترەوە سوتاندنی ئەو غازە بەبێ سوودلێوەرگرتن، زیانێکی گەورەی ئابورییە لەعێراق دەکەوێت، کە بڕەکەی دەگاتە ٢.٥ ملیار دۆلار ساڵانە. بەمەش دەتوانرێت بەشێکی زۆری پێداویستییەکانی ناوخۆ پڕبکرێتەوە بەتایبەتی بەرهەمهێنانی کارەبا لەڕێگەی غازەوە.

ئەو غازەی دەسوتێنرێت دەتوانرێت بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا سوودی لێ وەربگیرێت، بەشێوەیەك بەو غازە دەتوانرێ بڕی ٨.٥ گێگا

وات کارەبا بەرهەم بهێنرێت، لەکاتێکدا عێراق ساڵانە بڕی ٤٠ ملیار دۆلار دابین دەکات لەبواری بەرهەمێنانی کارەبادا.

## غاز وەك سەرچاوەیەك بۆ بەرهەمهێنانی كارەبا

ئەو غازەی دەسوتێنرێت، دەتوانریٚ بەكار بهێنرێت لەبری سوتەمەنی لە وێستگەكانی بەرهەمهێنانی كارەبادا، كە لەئێستادا عێراق ساڵانە بڕی ٦-٨ ملیار دۆلار خەرج دەكات بۆ دابینكردنی سوتەمەنی بۆ وێستگەكانی بەرهەمهێنانی كارەبا.

زیانە ژینگەییەكان بەهۆی سوتاندنی غازەوە لەعێراق گەیشتووەتە ئاستێكی مەترسیدار، بەشێوەیەك بەپێی توێژینەوەكان لەئێستادا عێراق ساڵانە ٣٠٠ ملیۆن تۆن غازی دوانەئۆكسیدی كاربۆن $CO_2$ دەكاتە هەواوە.

بەڵام ئەگەر وڵاتی عێراق لە بەرهەمهێنانی كارەبادا لەبری ڕۆنی سوتەمەنی fuel oil و ڕۆنی دیزڵ dezl oil، غازی سروشتی بەكاربهێنێت، ئەوا هەنگاوێكی باش دەبێت بۆ كەمكردنەوەی

دوانەئۆكسیدی كاربۆن بۆ ناو ژینگە.

"بیورن هامسو" بەڕێوەبەری پرۆژە هاوبەشەكان بۆ دانانی سنورێك بۆكەمكردنەوەی سوتاندنی غاز، دەڵێت "بەهۆی ئەو بارە ئەمنییە خراپەی عێراق تێیكەوتووە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، پلان و هەنگاوەكانی حكومەت بۆ كەمكردنەوەی سوتاندنی غاز سستی و پاشەكشەی بەخۆوە بینیوە، لەكاتێكدا وڵاتی عێراق خواستی زۆری هەبوو بۆ ئەو كەمكردنەوەیە، لەكاتێكدا پلانەكان بۆ ئەوەبوون تاكو ساڵی ٢٠٣٠ بەتەواوی كۆتایی بە سوتاندنو بەفیڕۆدانی غاز بهێندرێت.

## بەشی دووەم

- هۆکارەکانی سوتاندنی غاز
- ئەڵتەرناتیڤی سوتاندن
- بەهۆی غازەوە هەزاران جۆر باڵندە و میڕوو لەناوچوون
- زیانە ژینگەییەکان
- زیانە تەندروستییەکان
- زیانە ئابورییەکان
- غاز بەرپرسێکی سەرەکییە لەبەرزبونەوەی ڕێژەی دوانەئۆکسیدی کاربۆن لە هەوادا

## (بەشی دووەم)

## هۆکارەکانی سوتاندنی غاز

سوتاندنی غازی زیادە لەڕێگەی تاوەرەکانی سوتاندنەوە بەشێکی گرنگە لە سیستمی سەلامەتی، زۆربەی کات دووکەڵکێشە گەورەکان کە تایبەتن بە سوتاندنی غاز و ئامادەکراون بۆ ئەوەی غازی زیادە یان بەکارنەهاتوو لەو ڕێگەیەوە بسوتێنرێت بەکارناهێنرێن، بەڵکو لەڕێگەی دەرچەی کەمکردنەوەی پەستان کە لە کارگەکاندا هەن دەردەچن. زۆربەی کات ئەو غازەی دەسوتێنرێت نازانریێ بڕەکەی چەندە، بۆیە سوتاندنی غاز بە یەکێك لە ڕێگەکانی سەلامەتی دادەنرێت لەبری ئەوەی ئەو غازە بخرێتە ناو هەواوە، دواتریش قەتیسبوون و پەنگخواردنی غاز ڕوودەدات و ئەگەری ڕوودانی گڕگرتن و تەقینەوەی لێدەکرێت.

سوتاندنی غاز بە بەردەوامی، پەیوەندی بەبابەت و مەبەستی سەلامەتییەوە نییە، بەڵکو هەندێجار پەیوەندی بە بابەتی ترەوە هەیە، کاتێك نەوتی خاو دەردەهێنرێت و دەست بە بەرهەمهێنانی دەکرێت لە بیرەکاندا، بەهۆی ئەو پەستانە زۆرەی هەیەتی، غازی سروشتی لەگەڵ نەوتدا دێتە دەرەوە، لەو ناوچانەی کە لەرووی پیشەسازییەوە پێشکەوتوو نین و هێڵەکانی بۆری pipe line و ژێرخانیان خراپە بۆ گواستنەوەی غاز، ئەوا بەناچاری غازەکە دەسوتێنرێت.

## ئەڵتەرناتیڤی سوتاندن

یەکێك لەئەڵتەرناتیڤەکانی سوتاندنی غاز ئەوەیە، ڕێگە بە غازەکە بدرێت بڕواتە ناو هەواوە، ئەمەش بژاردەیەکی باشتر نییە لەبەر دوو هۆکار:

**یەکەم/ هۆکاری ژینگەیی:** سوتاندنی غازی دەرهاتووی ژێر زەوی گونجاوترە بۆ ژینگە وەك لەوەی ڕێگە بدرێت بچێتە ناو ژینگە و هەواوە.

**دووەم/ سەلامەتی:** کاتێك بڕێکی زۆر لە غاز کە ڕەنگە ملیۆنان تۆن بێت دزە دەکاتە ناو هەواوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەهەموو لایەکدا بڵاو دەبێتەوە، ئەوا دەبێتە هۆی مەترسی بۆسەر سەلامەتی هاوڵاتیان.

هەروەکو سوتاندن بەکاردێت بۆ کەمکردنەوەی غازی سوێر (ترش)، کە لەپێکهاتەکەیدا گۆگردیدی هایدرۆجین $H_2S$ هەیە، وە ئەو غازانەی کە مادە پیسکەرەکانی وەکو گۆگردی

هایدرۆجین و دوانەئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ لەپێکهاتەکەیاندا هەیە، ئەمەش چارەسەرێکی گرنگە بۆ سەلامەتی.

ئەگەر لەکاتی سوتاندنی غازدا لە تاوەرەکانی سوتاندنەوە بەرێژەی ٩٩٪ی مادە و پێکهاتەکانی بسوتێن و ١٪ی پێکهاتەکانی نەسوتێن، ئەوا هۆکارێك دەبێت بۆئەوەی ژمارەیەك پێکهاتە و غاز نەسوتێن و لە هەوادا بلاوببنەوە، وەکو یەکەئۆکسیدی کاربۆن CO و ئاوێتە ئەندامییە فڕیوەکانی وەك بەنزین و تۆلوین و زیلین، وە ئاوێتە ئەندامییە بۆندارە چەند ئەڵقەییەکان و بڕێکی کەم لە گۆگرد وەك گۆگردیدی کاربۆن $CS_2$ و کاربۆنێلی گۆگردید، ئەوەش ئاشکرایە کە بەنزین پێکهاتەیەکە هۆکارە بۆ توشبوون بە شێرپەنجە، وە هەندێ لەو پێکهاتانەی ناسوتێن کاریگەری خراپیان لەسەر کۆئەندامی دەمار دەبێت.

## بەهۆی غازەوە هەزاران جۆر باڵندە و مێروو لەناوچوون

دوانەئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$، یەکێکە لەغازە گەرمکەرەکان کە کاریگەری لەسەر ژینگە و بەرگەهەوا هەیە، میثان $CH_4$ یەکێکە لەپێکهاتە سەرەکییەکانی غازی سروشتی، کاریگەرییەکانی لە دوانەئۆکسیدی کاربۆن کەمترنییە و کاریگەری زۆر خراپ لەسەر ژینگە بەجێدەهێڵێت.

لە زۆرێك لەوڵاتان سوتاندنی غاز بووەتە هۆکارێك بۆ لەناوبردنی باڵندە و مێرووەکان، بەپێی بەدواداچوونێك کە لە ساڵی ٢٠١٣ لە کەنەدا ئەنجامدراوە، مەشخەڵەکانی سوتاندنی غاز بوونەتە هۆی لەناوبردنی ٧٥٠٠ جۆر لە باڵندەی جۆراوجۆر و مێروو کە لەو ناوچەیەدا دەژین، ئەویش بەهۆی ئەوەی روناکی مەشخەڵەکان باڵندە و مێرووەکان بۆلای خۆی رادەکێشێت و

دواتر بەهۆی گڕی ئاگر، یان بەهۆی بوونی غـــازە جۆراوجۆرەکانەوە دەخنکێن و لەناودەچن.

سوتاندنی غاز لە کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی نەوت‌و پالأوگەکان و کارگە پترۆکیمیاییەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەك غاز بخرێتە ناو ژینگەوە وەك غازەکانی میثان، ئیثان، پرۆپان، بیوتان، ئەسیلین، ئەم غازانە بە گرنگترین ئەو ئاوێتانە دادەنرێن کە کاریگەری خراپیان لەسەر ژینگە هەیە و هەوا پیس دەکەن.

شارەزایانی بواری ژینگە و پیسبونی ژینگە و تەندروستی مرۆڤ، هۆشداری دەدەن لەکاریگەرییە مەترسیدارەکانی سوتاندنی غاز، پێیانوایە لەو رێگەیەوە هەوا بەشێوەیەکی مەترسیدار ژەهراوی دەبێت کە کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ بەگشتی بەجێدەهێڵێت بەتایبەتی لەسەر کۆئەندامی هەناسە. ئەوە جگە لەوەی کاریگەری خراپ لەسەر بونەوەرەکانی تر و خاك

بەجێدەهێڵێت و زیانی ژینگەیی و ئابوری لێدەکەوێتەوە.

## زیانە ژینگەییەکان

زیانەکانی سوتاندن و بەفیڕۆدانی غاز و بەرهەمەکانی نەوتی خاو، تەنها بۆسەر مرۆڤ کورت نەبۆتەوە، بەڵکو هەموو لایەکی گرتۆتەوە. گیانەوەر و باڵندەکان و رووەکەکان بەڕێژەیەکی زۆر زیانیان بەردەکەوێت و کاریگەری لەسەریان هەبووە. تەنانەت کاریگەرییە خراپەکانی بۆسەر ژینگە مەترسی بۆ وڵاتانی دەوروبەریش دروستکردووە، لەبەرئەوەی هەوا ژینگەیەکی بێ سنورە و هەموو مرۆڤایەتی لە ژینگەی هەوادا وەکو یەك هاوبەشن.

کاتێك نەوت لە بیرەکانەوە هەڵدەقوڵێت کاریگەری دەخاتە سەر گەشە و چالاکی هەندێ لە بونەوەرە زیندووە وردەکان کە لەناو خاکدا دەژین و لەناویان دەبات، ئەمەش کاریگەری دەبێت لە هاوسەنگی ژینگەیی Environmental Equilibrium.

**لەناوبردنی زیندەوەرە وردەکان و گۆڕینیان بۆ غاز لەڕێگەی شیکردنەوە و بەهەڵمبوون، ئەوەش دیسانەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگە دروست دەکات و سیستمی ژینگەیی** Ecosystem **تێکدەدات.**

**سوتاندنی نەوت و غاز هۆکارێك دەبێت بۆئەوەی تیشکی خۆر کەمتر بەر ئەو ناوچەیە بکەوێت و شەپۆلەکانی هەواش سنوردار بکات و کەمیان بکاتەوە، ئەوەش بەرێژەیەکی بەرز کاریگەری دەبێت لەسەر چالاکی زیندەوەرە وردەکان و هۆکاری بلاوبوونەوەی نەخۆشییە درمەکان.**

**سوتاندنی بەرهەمەکانی نەوت و غاز دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەندێ لە غازە ترشەکان وەکو ترشی فۆسفۆریك و ترشی نتریك، کە دەبنە هۆی ترشەباران** Acid Rain **و زیانگەیاندن بە ژینگە.**

## زیانە تەندروستییەکان

سوتاندنی نەوت و غاز ژمارەیەك لە غازە مەترسیدارەکان لەهەوادا بڵاودەکاتەوە، وەکو غازی گۆگردیدی هایدرۆجین H2Sو ئۆکسیدەکانی کاربۆن و گۆگرد و نایترۆجین و هەندێ لە توخمە کانزاییە مەترسیدارەکان وەك زەمبیق، زەرنیخ، ڤاندیۆم، کە هۆکارن بۆ توشبوونی مرۆڤ بەهەندێ لەنەخۆشییە مەترسیدارەکان. بۆنموونە، زیادبوونی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن CO لەهەوادا لەگەڵ هیمۆگلۆبینی خوێن یەکدەگرێت و رێگری دەکات لەچوونی ئۆکسجین بۆ بەشە جیاوازەکانی لەشی مرۆڤ. بڵاوبوونەوەی غازی گۆگردیدی هایدرۆجینیش کاریگەری لەسەر کۆئەندامی هەناسە دروست دەکات و دەبێتە هۆی لەدەستدانی هەستی بۆنکردن. هەروەکو

ئۆکسیدەکانی نایترۆجین کاریگەری خراپ لەسەر تەندروستی بەجێدەهێڵن و هۆکارێك دەبن بۆ توشبوون بە رەبۆ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی چاوی مرۆڤ تووشی چەند نەخۆشییەك دەبن بەهۆی ترشەباران و دوکەڵی ئۆکسیدەکانی گۆگرد و نایترۆجین و دەنکۆڵەکانی تۆز و خۆڵ. توخمە تیشکدەرەکان و هالۆجینە کاربۆنییەکان و زەرنیخ کاریگەری خراپ لەسەر جگەر دروستدەکەن. قورقوشم و کالسیۆم و مادە تیشکدەرەکان کاریگەری لەسەر ئێسك دروست دەکەن و دەبنە هۆی لاوازی ئێسکەکان و کەمبوونی کالسیۆم و نەخۆشی رۆماتیزم. قورقوشم و زەمبیق و کۆبەڵت، کاریگەری خراپ لەسەر مێشك دادەنێن و دەبنە هۆی لەدەستدانی بیرەوەری و کاریگەرییان لەسەر خانەکانی مێشك دەبێت. مادە تیشکدەرەکانی وەکو یۆرانیۆم و سۆریۆم و یۆدی تیشکدەر کاریگەرییان لەسەر رژێنی دەرەقی دەبێت و هۆکارن بۆ شێرپەنجەی

**ڕژێنەکان** "سرطان الغدة الدرقية". **کادمیۆم و زەنبیق کاریگەرییان لەسەر سپڵ و گورچیلە دەبێت و کار لەکارکردنیان دەکەن و وادەکەن کە سپڵ ئەرکی خۆی کە پاککردنەوەی خوێنە بەجێ نەهێنێت. بەڵام غازە خنکێنەرەکانی وەکو یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن** CO **و ئۆکسیدی نایترۆجین** NO **کاریگەری لەسەر خوێن دادەنێن و لەگەڵ ئۆکسجینی خوێن کارلێك دەکەن و کاریگەری خراپیان لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەبێت.**
**ئاشکرایە دیاردەی قەتیسبونی گەرمی** Global warming **بەهۆی چالاکییەکانی مرۆڤەوە ڕوو لە زیادبوونە، یەکێك لەهۆکارەکانی قەتیسبوونی گەرمی بوونی ڕێژەیەکی زۆرە لەغازی دوانەئۆکسیدی کاربۆن کە بەهۆی سوتاندنی غازو بەرهەمەکانی نەوتەوە دەچێتە هەواوە.**

## زیانە ئابورییەکان

## "بەفیڕۆدانی غاز ساڵانە ١٦ ملیار دۆلار زیان بەعێراق دەگەیەنێت"

فڕێدانی غاز بۆناو هەوا و کەڵەکەبوونی، بەرەو ملیۆنان تۆن لەغازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن $CO_2$ دەچێت لەئاسمانی عێراق و ناوچەکە.

بەپێی ئامارە جیهانییەکان عێراق لەریزی سێهەمدا دێت لەناو بیست وڵاتی جیهان لەزۆری ڕێژەی سوتاندنی غاز. لەکاتێکدا نزیکەی ٨٠٪ی غازی سروشتی نەسوتێنراو لەعێراق زیانی ژینگەیی بەدواوە دەبێت، هەروەکو زانراوە لە بەرهەمهێنانی یەك بەرمیل نەوتی خاودا بڕی ٦٠٠ پێ سێجا غازی سروشتی لەگەڵی دێتە دەرەوە و دەچێتە هەواوە.

شارەزایانی بواری وزە لە عێراق باس لەوە دەکەن عێراق ماوەی چەند دەیەیەکە نەوت

بەرهـــەم دەهێنێت، بەڵام تاکو ئێستا نەیتوانیوە بەسەر ئەوەدا زاڵ بێت کە ئەو سامانە غازیە نەسوتێنێت و بەفیڕۆ نەدرێت.

شارەزایان، حکومەتی عێراق بە کەمتەرخەم دادەنێن، سەرەڕای ئەو بەرهەمە زۆرەی غاز تەنانەت لە ئێستادا لە وڵاتانی دەوروبەرەوە غازی پێویستی نێوخۆیی هاوردەدەکات. ئەمە لەکاتێکدا بڕی ئەو غازەی حکومەتی عێراق کەڵکی لێوەرناگرێت و دەیکاتە هەواوە، زیانەکانی لەڕووی ژینگەییەوە هاوتا و بەرامبەرە لەگەڵ کارکردنی سێ ملیۆن ئۆتۆمبێل.

بەم پێیە بێت، سوتاندنی غاز بەمشێوەیە کێشەیەکی گەورەی ژینگەیی دروست دەکات، ئەو بڕە غازەش نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن تۆن غازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن لە پێکهاتەکەیدا هەیە.

ئەو غـازەی لە کێڵگـەکانی بەرهەمهێنـانی نەوت و غازەوە لەساڵی ٢٠١٣دا کراوەتە هەواوە، بریتیە لە ١,١ ملیار پێ سێجا لە ڕۆژێکدا،

پسپۆران زیانە ماددییەکانی بەفیڕۆدانی غاز و کەڵك لێوەرنەگرتنی لەساڵی ٢٠١٦دا بە ١٦ شانزە ملیار دۆلار دەخەمڵێنن.

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، بە هەوڵەکانی سعودیە و وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو ڕێژەی سوتاندنی غاز لەکێڵگەکانی نەوتی وڵاتانی کەنداو کەمی کردووە. بەگوێرەی قسەکانی "زوبن باجمی" وتەبێژی بانکی نێودەوڵەتی بۆ وزە و لێکۆڵینەوە، ڕێژەی سوتاندنی غاز لە زۆربەی کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە وڵاتانی کەنداو بەڕێژەیەکی زۆرباش کەمی کردووە.

هەروەکو "فابریك دوبن" بەرپرس لەدەستەی کەمکردنەوەی سوتاندنی غاز GGFR تەئکیدی کردۆتەوە کە شانشینی سعودیەی عەرەبی یەکەم دەوڵەتی نێو ڕێکخراوی ئۆپیك بووە دەستپێشخەری کردووە بۆ کەمکردنەوەی سوتاندنی غاز لە کێڵگە نەوتییەکانیدا، ئەویش

بەوەی لەسالأنی حەفتای سەدەی رابردوودا بەرنامەیەکی تۆکمەی گرتۆتەبەر بەمەبەستی جیاکردنەوەی غاز لە نەوت و پێکهاتەکانی تر و بەکارهێنانی غازی سروشتی لە ژمارەیەك پرۆژەی بەرهەمهێناندا، وەك بەرهەمهێنانی کارەبا و پیشەسازی پترۆکیمیاوی و چەندین بواری پیشەسازی تر.

## غاز بەرپرسێکی سەرەکییە لەبەرزبونەوەی رێژەی دوانەئۆکسیدی کاربۆن لەهەوادا

بەهۆی ئەوەی سالآنە بڕی ١٤٠ ملیار مەتر سێجا لە غازی سروشتی لە سەدان کێڵگەی نەوتی لەسەر ئاستی جیهان دەسوتێت، زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن تۆن لە غازی دوانەئۆکسیدی کاربۆن دەکاتە بەرگە هەواوە، ئەم بڕەش نزیکە بەو دوانە ئۆکسیدی کاربۆنەی کە ٧٧ ملیۆن ئۆتۆمبێل بەرهەمی دەهێنن.

بڕی ئەو وزەیەی لە ئەنجامی سوتاندنی غازەوە دروست دەبێت، بریتییە لە ٧٥٠ ملیار کیلۆ وات لە یەك کاتژمێردا، ئەگەر بێت و سوود و کەڵکی لێوەربگیرێت، ئەوا بڕەکەی زیاترە لەو کارەبایەی کە کیشوەری ئەفریقا بەکاری دەهێنن. وڵاتانی رێکخراوی ئۆپیك پشکێکی باشیان لە سوتاندن و بەفیڕۆدانی غاز بەردەکەوێت، بەڕێژەی ٤٠٪ی

غازی سوتێنراو لەسەر ئاستی جیهان لەلایەن وڵاتانی ئەندام لە رێکخراوی ئۆپیك دەبێت، کە بڕەکەی دەگاتە زیاتر لە ٦٠ ملیار مەتر سێجا لە ساڵێکدا.

پسپۆڕانی بواری نەوت و ئابوری هۆشداری دەدەن لە کێشەی بەفیڕۆدانی غاز لە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق و زیانە ئابوری و تەندروستییەکانی.

راپۆرتەکانی تایبەت بە نەوت کە لەلایەن دامەزراوە ئابورییە ناحکومییەکانەوە بڵاوکراونەتەوە ئاماژە بەوەدەکەن، حکومەتی عێراق رۆژانە دەیان ملیۆن دۆلار بەفیڕۆ دەدات، ئەویش بەهۆی ئەوەی دامەزراوە و پڕۆژەی بەرهەمهێنانی نییە، تاوەکو ئەو غازەی لە کێڵگە نەوتییەکانەوە دەردەچێت لە پیشەسازیدا بەکاربهێنرێت. ئەوەش بەهۆی نەبوونی پلانی ستراتیژی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ وەبەرهێنان، ئەوەش وایکردووە تاکو ئێستا

عێراق غازی پێویستی ناوخۆی وڵاتەکەی لە وڵاتانی دەوروبەرەوە هاوردەبکات.
لەکاتێکدا ئەگەر ئەو غازەی کە دەسوتێنرێت بەفیڕۆ نەدرێت و بەکاربهێنرێت، ئەوا بەشی پێداویستییەکانی وزەی ناوخۆ دەکات.
بەپێی ئەو زانیارییانەی لە توێژینەوەی دامەزراوە ناحکومییەکانی تایبەت بە نەوت هاتووە، بڕی ئەو غازە بەفیڕۆدراوەی لەگەڵ نەوتی خاو لەژێر زەوی دێتە دەرەوە لە کێڵگە نەوتییەکانی بەسرەدا ساڵانە نزیکەی ١٢ ملیار مەتر سێجایە.
شارەزایەکی بواری نەوت بۆ "ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت" ئاماژەی بەوە کردووە، بەفیڕۆدانی ئەو غازەی لە کێڵگە نەوتییەکانەوە دەردەچێت، تاکو ئێستا بەردەوامە و سنوری بۆ دانەنراوە.
عێراق لە ڕێگەی کێڵگە نەوتییەکانییەوە ڕۆژانە نزیکەی ٢٠٠٠ ملیۆن پێ سێجا غاز بەرهەم دەهێنێت، کە بەپێی گرێبەستێك کۆمپانیای

شێڵو میتسوبێشی و کۆمپانیای غازی بەسرە لە بواری پیشەسازی و وەبەرهێناندا بەکاریدەهێنن.
ئەو پسپۆڕەی بواری نەوت دەشڵێت "لەئێستادا بڕێکی کەم لەو غازەی کە هەیە، لەبواری بەرهەمهێنانی کارەبا و پەینی کیمیاویدا بەکاردەهێنرێت. هەرچەندە ئەم ڕێژەیەش سنورداروکەمە. بەپێی زانیارییەکان نیوەی ئەو غازەی کە هەیە لەبواری پیشەسازیدا بەکاردەهێنرێت، نیوەکەی تری دەسوتێنرێت و دەخرێتە هەواوە".
شارەزایانی بواری نەوت بەفیڕۆدانی غازی سروشتی دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی دامەزراوەی ستراتیژی تۆکمە بۆ ئەوەی غاز لەبواری وەبەرهێناندا بەکاربهێنرێت.
سەبارەت به هۆکارەکانی سوتاندنی غاز لە هەوادا پسپۆڕان پێیانوایە، بەرهەمهێنانی غاز پێویستی بە دامەزراوەی ستراتیژی تۆکمە و تەواو هەیە، کە بتوانێت غازی سەرجەم کێڵگەکان

له تەواوی وڵات له باکورەوە بۆ باشوور کۆبکاتەوە و لەبواری پیشەسازیدا بەکاریان بهێنێت، بەڵام کێشه لەوەدایه هێڵی بۆری بەو شێوەیه نییه که بتوانێت تەواوی غازی وڵات کۆبکاتەوە و له بواری وەبەرهێناندا بەکاربهێنرێت، ئەوەی هەیه تەنها چەند بەشێکی کەم له هێڵی بۆری گواستنەوەی غاز هەیه.

گرفتێکی تر ئەوەیه، له عێراقدا تاکو ئێستا توێژینەوەیەکی گشتگیر نییه بۆ بونیادی ژێرخان له سەرتاسەری عێراقدا، بۆیه له ئێستادا عێراق پێویستی به دامەزراوەیەکی بەهێز و تۆکمەی غاز هەیه به بەهای بیست و پێنج ملیار دۆلار، بەڵام عێراق تاکو ئێستا ئەو بڕە پارەیەی بۆ ئەو مەبەستە دابین نەکردووە.

لەلایەکی ترەوە "عاسم جیهاد" وتەبێژی پێشووی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ رۆژنامەی "شەلقولئەوسەت" جەختی لەوە کردووەتەوە، که هۆکاری درەنگ کەوتنی وەبەرهێنان له بواری

**غازدا، بۆ ئەو بارودۆخە قورس و نالەبارە دەگەڕێتەوە کە عێراق بەدرێژایی دە ساڵی رابردوو تێیکەوتووە، کە وایکردووە ژێرخانی وڵات بەتەواوەتی لە ناوبەرێت، لەکاتێکدا وەبەرهێنان لە بواری غازی سروشتیدا پێویستی بە تەکنۆلۆژیای نوێ و داهاتێکی گەورە هەیە، بەم بارودۆخە ئەمنییە ناجێگیرەوە کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان ئامادە نین رووبکەنە عێراق.**

**وتەبێژەکەی وەزارەتی نەوتی عێراق ئاماژەی بەوەشکردووە، کە لەژێر خاکی عێراقدا بڕێکی ئێجگار زۆر لە غازی سروشتی هەیە، سەرەڕای ئەو غازە زۆرەی لە کێڵگەکاندا بەفیڕۆ دەدرێت.**

**حکومەت هەنگاوەکانی بۆ پەرەپێدان و گەشەسەندنی سێ لە کێڵگە گەورەکانی وڵات دەستپێکردووە، ئەوانیش بریتین لە کێڵگەی عوکاز لە ناوچەی رۆژئاوا، کێڵگەی مەنسوریە لە پارێزگای دیالە، کێڵگەی سیبا لە پارێزگای بەسرە.**

وەزارەتی نەوتی عێراق جەختی لەوە کردووەتەوە ٧٠٪ی غازی عێراق بریتییە لەو غازەی کە لەگەڵ بەرهەمهێنانی نەوتدا لە کێڵگە نەوتییەکانەوە دێتە سەر زەوی و ٣٠٪ی غازەکەیشی لە کێڵگە تایبەتەکانی غاز بونیان هەیە. بەڵام لەئێستادا زۆربەی ئەو غازەی کە هەیە و دەسوتێنرێت بریتییە لەو غازەی کە لەکاتی بەرهەمهێنانی نەوتی خاودا دێتە دەرەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی عێراقەوە دەخرێنەڕوو، یەدەگی جێگیری غازی سروشتی لە عێراقدا بریتییە لە ١٣٥ ترلیۆن پێ سێجا، لەگەڵ بڕی ٢٧٥ ترلیۆن پێ سێجا غازی یەدەگی ناجێگیر.

بەرپرسێکیش لە وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ ڕۆژنامەی "ریاز"ی سعودی ئاماژەی بەوەکردووە، هەندێ لەو کێڵگانەی کە غازیان تێدایە و بە کێڵگەی غازیی ناسراون، کەوتوونەتە ئەو ناوچـانەوە کە بە نـاوچـە گەرمـەکـان لـەڕووی

سیاسییەوە ناسراون.

لەو چوارچێوەیەشـدا هەریەك لە كێڵگەكانی وەبەرهێنـانـی غــاز لە بەرهەمهێنان راوەستـاون بەهۆی بارودۆخــی سیاسی كە رووی لە هەریەك لە ناوچەكانی دیالە و كەركوك و ناوچەكانی تر كە لەژێر كۆنترۆڵی داعشدا بوون كردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا كە وەبەرهێنان لە كێڵگە غازییەكان وەستێنراون، دەتوانرێت دووبارە وەبەرهێنانی غاز دەست پێ بكرێتەوە لە كێڵگە نەوتییەكانی عێراق بەبڕی ١١٠٠ ملیۆن پێ سێجا غاز لە رۆژێكدا.

لەساڵی ٢٠١٥دا بەرهەمهێنانی غازی وشك و ئەو غازەی بەكەڵكی ئەوە دێت لەبواری بەرهەمهێنانی كارەبا و پیشەسازیدا بەكاربهێنرێت، بریتی بووە لە ٧٠٠ ملیۆن پێ سێجا لە رۆژێكدا.

ئەو بەرپـــرســــەی وەزارەتـــی نەوتـــی عێـــراق ئاشكراشیكردووە، كە پێشكەوتنی زۆر گەورە و خێرا لەبواری وەبەرهێنانی غازدا هەن،

پلانەکانیان بۆ وەبەرهێنان لە بواری غازدا لە کۆتایی ٢٠١٧و سەرەتای ٢٠١٨دا بەتەواوەتی جێبەجێ دەکرێن. بەڵام بڕی ئەو غازەی لە کێڵگە نەوتییەکانەوە لەگەڵ نەوتی خاودا دێتە سەر زەوی و لەبواری وەبەرهێناندا کەڵکی لێ وەردەگیرێت، بریتییە لە ٢٠٠٠ ملیۆن مەتر سێجا غاز.

لەساڵی ٢٠١٦دا زیاتر لە٥٠٪ی غاز لەبواری وەبەرهێناندا کەڵکی لێ وەرگیراوە، لەکاتی دووبارە سوودوەرگرتن لە کێڵگە غازییەکان دەتوانرێت بڕی ٢٥٠٠ پێ سێجا غاز لەبواری وەبەرهێناندا کەڵکی لێوەبگیرێت.

لەبارەی پلانی وەبەرهێنانی ئەو غازەی کە لە کێڵگە نەوتییەکانەوە دێتە دەرەوە، بەرپرسەکەی وەزارەتی نەوتی عێراق رایگەیاندووە "پرۆسەی وەبەرهێنان لەبواری غازدا کارێکی ئاسان نییە، کارگە و دامەزراوەکان ئاڵۆزن و پەیوەستن بە هەموو عێراقەوە، واتا لە زنجیرەیەك پرۆسەی

وەبەرهێنانی ئاڵۆز پێکهاتوون، هەروەکو کارگە و دامەزراوەکانی پێشوو کە هەبوون کۆن بوون و پێویستیان بە چاککردنەوە هەیە، بەشێوەیەك لەگەڵ پیشەسازی ئەم سەردەمە بگونجێت، بۆئەو مەبەستەش پلانەکانیان بۆئەوەیە دەزگا و ئامێرە پیشەسازییە کۆنەکان بگۆڕن یان چاکسازی تێدا بکەن، بەمەبەستی دامەزراندنی دامەزراوە و یەکەی نوێ تایبەت بەو غازەی کە لە کێڵگە نەوتییەکانەوە دێنە سەر زەوی، پلانیان هەیە بۆئەوەی دامەزراوە و کارگەی نوێ دابمەزرێنن بەمەبەستی وەبەرهێنان، رەنگە لەم ساڵانەدا بتوانن بڕی غازی بەرهەمهاتوو زیادبکەن، لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی نەوتەوە، هەنگاوەکان بەردەوامن لەپێناو کۆنترۆڵکردنی تەواوی ئەو غازەی لە کێڵگە نەوتییەکانەوە دێنە سەر زەوی".

# بەشی سێیەم

- یەدەگی غازی عێراق
- وەبەرهێنان لە بواری غازدا
- وزە و رۆڵی لە ئاڕاستەی سیاسەتی ولاٌتان
- روسیا دەیەوێت لە پێشەنگدا بمێنێتەوە
- یەدەگی وزەی روسیا لە هەڵکشاندایە
- جەنگی غاز

## (بەشی سێیەم)

## یەدەگی غازی عێراق

بەپێی هەندێ لە سەرچاوەکان، بڕی غازی یەدەگی عێراق گەیشتووەتە لە ١٣٥ ملیار پێ سێجا غاز، بەمەش بە پلەی دەیەم دێت لە بوونی یەدەگی غاز لەسەر ئاستی جیهان.

"جەبار عەلی لوعێبی" وەزیری نەوتی عێراق لە مانگی شوباتی ٢٠١٨دا لە کۆنگرەیەکی ئابوری لە وڵاتی کوەیت رایگەیاند، کە وڵاتی عێراق خاوەنی ١٣٥ ملیار پێ سێجا غازی یەدەگە، ئاشکراشیکردووە عێراق لەئێستادا خاوەنی ٧٣ کێڵگەی نەوتی و غازە، کە کاری پەرەپێدان و دەرهێنان و بەرهەمهێنانی تێدا دەکرێت.

لەبارەی پلانی پەرەپێدانی بەرهەمهێنانی غاز بەرپرسانی حکومەتی عێراق ئاشکرای دەکەن، گومانیان نییە لە هێنانەدی ستراتیژی ژێرخانی

غاز لەسەرتاسەری عێراقدا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی غاز پێویستە بەسێ قۆناغدا بڕوات تاکو کەڵکی لێوەبگیرێت، هەنگاوەکان بریتین لە بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن. واتا بۆئەوەی غاز کەڵکی لێوەربگیرێت پێویستی بەچەند کارگە و دامەزراوە و پاڵاوگەیەکی تایبەت هەیە کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترن.

لەلایەکی ترەوە "سعود هاشم" ئابوریناس و سەرۆکی دامەزراوەی نەهرەین بۆ پاڵپشتی شەفافییەت و دەستپاکی رایگەیاندووە "سوتاندنی غاز لە کێڵگەکانی نەوت تەنها نرخی غازە سوتێنراوەکە نییە بەفیڕۆدەدرێت، بەڵکو هۆکاری پیسبوونی ژینگەشە، سوتاندنی غاز بەو برە زۆرە وایکردووە، عێراق هێشتا لە ریزی ئەو وڵاتانە بهێڵێتەوە کە رۆڵێکی گەورەیان هەیە لە پیسکردنی ژینگە و بڵاوکردنەوەی ئەو غازانەی دەبنە هۆی گەرمکردنی گۆی زەوی و

قەتیسبوونی گەرمی، ناردنی غاز بۆناو هەوا دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی ملیۆنان تۆن لە غازی دوانەئۆکسیدی کاربۆن لە ئاسمانی عێراق و ناوچەکە، ئەگەر زیانە ژینگەییەکانی سوتاندن و بەفیڕۆدانی ٥,١ ملیار پێ سێجا غاز بێت لە رۆژێکدا لە باشوری عێراق، واتا ناردنی ٤٤ ملیۆن تۆن دوانەئۆکسیدی کاربۆن لە ساڵێکدا بۆ ناو هەوا، ئەوەش یەکسانە بەو مەترسیانەی زیاتر لە حەوت ملیۆن ئۆتۆمبێل بەهۆی دوکەڵکێشەکانیانەوە "سالآنسا" غازی مەترسیدار دەخەنە هەواوە".

سعودیە بە پلەی حەوتەم دێت لەسەر ئاستی جیهان لە سوتاندنی غاز و کەڵك لێوەرنەگرتنی، بەو هۆیەشەوە بانکی نێودەوڵەتی هۆشداری دەداتە سعودیە لەو بەفیڕۆدانە و لە راپۆرتێکیدا هۆشداریداوەتە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت و داوای لێکردوون سنورێك بۆ بەفیڕۆدانی غاز لە وڵاتەکانیان دابنێن.

پسپۆرانی بواری ئابوری ئامāژەیان بەوەکــردووە، بەهۆی سوتاندنی غازەوە ساڵانە سعودیەی عەرەبی نزیکەی ٤٣١ ملیۆن دۆلاری لەکیس دەچێت، لە کاتێکدا ئەو غازەی بەفیڕۆ دەدرێت ئەگەر بێتو کەڵکی لێوەبگیرێت و لە پڕۆژەی وەبەرهێناندا بەکاربهێنرێت ئەوا وەبەرهێنانی گەورە و فراوانی پێدەکرێت.

بوونی ئامار و داتا و ژمارە زەبەلاحەکان لەبارەی زیانە ئابورییەکانی سوتاندنی غازی بەفیڕۆدراو لەو وڵاتانـــەی کە سەرچاوەی سەرەکی نەوتی خاون، ئەو راستییە ئاشکرادەکەن کە ئەو بەفیڕۆدانە زیانێکی گەورە بە ژینگە و کەشوهەوا دەگەیەنێت. هەرچەندە لەساڵی ٢٠٠٥ەوە تاکو ئێستا توانراوە بەرێژەی ٣٠٪ی سوتاندنی غاز و بەفیڕۆدانی کەمبکرێتەوە لەسەر ئاستی جیهان، لەگەڵ ئەوەشدا بەهای بەفیڕۆدانی غازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان ساڵانە بریتییە لە ٥٠ ملیار دۆلار.

"فهـد جمعه" ئەندامـی کۆمـەڵەی ئابوریناسانی تایبەت بە وزەی نێودەوڵەتی ئاشکرایکردووە، سوتاندنی غاز و بەفیڕۆدانی لە سعودیەدا بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو بەرزدەبێتەوە، بەشێوەیەك لەساڵی ٢٠٠٧دا بڕی ٣,٩ ملیار مەتر سێجا بووە، لەکاتێکدا لەساڵی ٢٠٠٩دا کەمی کردووە بۆ ٣,٦ ملیار مەتر سێجا، لەساڵی ٢٠١٠شدا هیچ گۆڕانکارییەکی بەخۆوە نەبینیوە، بەڵام لەساڵی ٢٠١١دا بەرێژەی ٠,١٪ بەرزبونەوەی بەخۆوە بینیوە، ئەویش بەهۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە سعودیەدا.

هەرچەندە وڵاتی سعودیە سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێناوە لە بەکارهێنانی ئەو غازەی لەکێڵگە نەوتییەکانەوە بەرهەمدێت و لەبواری پیشەسازی ناوخۆییدا کەڵکی لێوەرگرتووە، وەکو بەکارهێنانی لە کارگە پترۆکیمیاوییەکان و بەرهەمهێنانی کارەبا. لەو بوارەشدا سعودیە

خاوەنی گەورەترین مەڵبەندی کۆکردنەوەی غازە لەسەر ئاستی جیهان کە لەساڵی ١٩٨٢دا بونیاتنان و دامەزراندنی تەواوبووە. لەئێستادا رۆژانە نزیکەی ١٠ ملیار پێ سێجا غاز لە رێگەی هێڵی بۆرییەکانەوە کۆدەکاتەوە و لەبواری پیشەسازیدا کەڵکی لێوەردەگرێت، ئەوەش دەکاتە نزیکەی نیوەی ئەو غازەی کە لە کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی نەوتەوە دێتە سەرزەوی کە پێشتر هەموو غازەکە بەفیڕۆدەدراو دەسوتێنرا.

ئەو هەنگاوانە هۆکارێك بوونە بۆئەوەی نرخی غاز داببەزێنێت، بەشێوەیەك نرخی یەك ملیۆن یەکەی گەرمی سێجای بەریتانی کەمترە لە ٠,٧٥ دۆلار، ئەوەش وایکردووە ئەو غازەی پێشتر بەفیڕۆدەدرا کەڵکی لێوەربگیرێت و رۆڵ و کاریگەری هەبێت لەسەر ئابوری ئەو وڵاتە.

لەبارەی خەسارە و بەفیڕۆدانی ساڵانەی غاز لە سعودیەدا، ئەو ئەندامەی کۆمەڵەی ئابوریناسانی

تايبەت بەوزەی نێودەوڵەتی ئاشكرايكردووە، ئەو غازەی لەساڵی ٢٠١١دا بەفیڕۆدراوە لە وڵاتی سعوديە بريتييە لە ٣,٧ مليار مەتر سێجا، كە دەكاتە ١٣٨ مليۆن يەكەی سێجای گەرمی بەريتانی. ئەگەر نرخی هەر مليۆن يەكەيەك بە بڕی ٠,٧٥ سەنت دابنرێت، ئەوا بڕی زيانەكان ساڵانە زياتر دەبێت لە ٩٠٠ هەزار دۆلار. بەڵام بەنرخی جيهانی كاتێك يەك مليۆن يەكەی سێجای گەرمی بە ٣,٣ دۆلار بێت، ئەوا زيانەكانی لەماوەی ساڵێكدا زياتر لە ٤٣١ مليۆن دۆلار دەبێت.

لەسەر ئاستی جيهانيش هەوڵی زۆر هەن بۆ كەڵك وەرگرتن لە غازی بەفیڕۆدراو، بەشێوەيەك لەساڵی ٢٠٠٧دا بڕی غازی بەفیڕۆدراو لەسەر ئاستی جيهان بۆتەواوی ساڵەكە بريتی بووە لە ١٧٢ مليار مەتر سێجا، ئەو رێژەيە لەساڵی ٢٠١١دا كەمی كردووە بۆ ١٤٢ مليار مەتر سێجا غاز لە ساڵێكدا. واتا لەماوەی چوار ساڵدا لەسەر

ئاستی جیهان ٣٠ ملیار مەتر سێجا غازی بەفیڕۆدراو کەمکراوەتەوە و کەڵکی لێوەرگیراوە.

لەگەڵ هەموو هەوڵەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بەفیڕۆدانی غاز، هێشتا ئەو بڕەی لەسەر ئاستی جیهان بەفیڕۆدەدرێت و لە کێڵگەکانی بەرهەمێنانی نەوت و پاڵاوگەکان دەسوتێنرێت جێی مەترسی و نیگەرانییە و ڕێژەیەکی بەرزە، بەشێوەیەك لە ساڵی ٢٠١٠دا ١٣٤ ملیار مەتر سێجا غاز بەفیڕۆدراوە و سوتێنراوە. ئەمە جگە لەوەی لەڕووی ئابورییەوە زیانێکی گەورەیە بۆهەر یەکێك لەو وڵاتانەی کە بەرهەمهێنەری نەوتو غازن.

هاوکات بەفیڕۆدانی ئەو بڕە غازە لەساڵی ٢٠١٠دا بەواتای ئەوە دێت ٣٦٠ ملیۆن تۆن غازی جۆراوجۆری زیانگەیەنەر بە ژینگە خراوەتە هەواوە و ڕۆڵیان هەبووە لە گەرمکردنی گۆی زەوی و بەرزبونەوەی دیاردەی قەتیسبوونی گەرمی لەسەر ئاستی جیهان.

| گەورەترین ١٠ وڵات لەسەر ئاستی جیهان لە بەفیڕۆدانی غازدا | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وڵات | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٠ | ٢٠١١ | جیاوازی لەنێوان ٢٠١٠ و ٢٠١١ |
| روسیا | ٥٢.٣ | ٤٢ | ٤٦.٦ | ٣٥.٦ | ٣٧.٤ | ١.٨ |
| نایجیریا | ١٦.٣ | ١٥.٥ | ١٤.٩ | ١٥ | ١٤.٦ | ٠.٤– |
| ئێران | ١٠.٧ | ١٠.٨ | ١٠.٩ | ١١.٣ | ١١.٤ | ٠.١ |
| عێراق | ٦.٧ | ٧.١. | ٨.١ | ٩ | ٩.٤ | ٠.٤ |
| ئەمریکا | ٢.٢ | ٢.٤ | ٣.٣ | ٤.٦ | ٧.١ | ٢.٥ |
| جەزائیر | ٥.٦ | ٦.٢ | ٤.٩ | ٥.٣ | ٥ | ٠.٣– |
| کازاخستان | ٥.٥ | ٥.٤ | ٥ | ٣.٨ | ٤.٧ | ٠.٩ |
| ئەنگۆلا | ٣.٥ | ٣.٥ | ٣.٤ | ٤.١ | ٤.١ | ٠ |
| سعودیە | ٣.٩ | ٣.٩ | ٣.٦ | ٣.٦ | ٣.٧ | ٠.١ |
| فەنزوێلا | ٢.٢ | ٢.٧ | ٢.٨ | ٢.٨ | ٣.٥ | ٠.٧ |
| وڵاتانی تری جیهان | ١٥٤ | ١٤٦ | ١٤٧ | ١٣٨ | ١٤٠ | ١.٩ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

**گەورەترین ١٠ وڵات لەسەر ئاستی جیهان لە بەفیڕۆدانی غازدا**

## وەبەرهێنان لە بواری غازدا

لەبارەی کاریگەرییە خراپەکانی سوتاندن و بەفیڕۆدانی غاز بۆسەر ژینگە لە هەرێمی کوردستان ئەندازیاری ژینگە "محمد قاسم عەبدوڵا" بۆ گۆڤاری "ئایدیا دیبلۆماتیك" ئاماژەی بەوەکردووە کە "لە ئەنجامی سوتاندنی هەریەکێك لە پێکهاتەکانی نەوت، غازی سروشتی بێت یان هەر پێکهاتەیەکی تر، دوو پێکهاتە دروستدەبێت کە بریتین لە دوانەئۆکسیدی کاربۆن و ئاو (هەڵمی ئاو)، بێگومان دوانەئۆکسیدی کاربۆن یەکێکە لە غازە گەرمکەرەکان، کە ئەوەش هۆکارێکە بۆ دروستبوونی دیاردەی گەرمبوونی زەوی، گەرمبوونی زەویش دەبێتە هۆی دیاردەی گۆڕینی ئاو و هەوا (التغیر المناخی) کە لە ئێستادا کاریگەرییەکانی بەچاوی خۆمان دەبینین، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی وەرزەکان و

ڕێژەی بارانبارین لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت".

ئەو ئەندازیارەی ژینگە ئاماژەی بەوەکردووە، نەسوتاندنی غازیش لەڕووی ژینگەیی و تەندروستییەوە زیانی زۆر بە مرۆڤ و گیانداران دەگەیەنێت، ئەویش بەوەی کاتێك غازی سروشتی لە کێڵگە نەوتییەکان ناسوتێنرێت لەبری ئەوە بەرەڵای هەوا دەکرێت، پێکهاتەی سەرەکی غازی سروشتی natural gas بریتییە لە غازی میثان $CH_4$، میثانیش یەکێکە لەو غازانەی کاریگەری نەرێنی لەسەر ژینگە دروست دەکات و ڕۆڵی هەیە لەگەرمبوونی زەوی، ئەگەر بێتو غازی سروشتی بسوتێنرێت وەکو هەر پێکهاتەیەکی تری نەوت دوانەئۆکسیدی کاربۆن و ئاو بەرهەم دەهێنێت، بەڵام ئەگەر غازی سروشتی نەسوتێنرێت، ئەوا وەکو غازی دوانەئۆکسیدی کاربۆن کاریگـەری هەیە لەسەر گەرمبونی زەوی و گۆڕانکاری لە کەشوهەوا".

"محمد قاسم" رونیشیکردەوە کە لەولاٚتی ئێمەدا -کوردستان و عێراق- پیشەسازی و تەکنۆلۆژیامان ئەوەندە پێشکەوتوو نییە، تاکو دوبارە غازی سروشتی لەبواری پیشەسازیدا بەکاربهێنرێت. بۆنمونە ئەگەر بێت و لەبواری بەرهەمهێنانی کارەبا لەبری گازوایل، غازی سروشتی بەکاربهێنرێت، ئەوا بڕی تێچوی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ نیوە دادەبەزێت. لەڕووی ژینگەییشەوە بەکارهێنانی غازی سروشتی هۆکارێك دەبێت بۆئەوەی رێگە لە بەفیڕۆدانی غاز بگیرێت.

ناوبراو زیاتر لەسەر کاریگەری خراپی سوتاندنی غاز قسەی کردوە و دەڵێت "سوتاندنی غاز، ئۆکسیدەکانی نایترۆجین و ئۆکسیدەکانی گۆگردید دەخاتە هەواوە، ئەوانیش کاریگەری خراپیان لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەبێت، جگە لەمانە چەندین غازی تر دەردەداتە ناو هەواوە، بۆیە لەهەر ناوچەیەك غاز بسوتێنرێت کاریگەری

لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەبێت و هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە زەرەرمەندی یەکەم دەبن لە بەرکەوتنی زیانەکان".

"محمد قاسم" ئاشکراشیکردووە، سەرەڕای زیانەکان، سوتاندنی غاز مەترسی کەمترە لە سوتاندنی پێکهاتە قورسەکانی تری نەوت، ئەویش بەوەی ئەو بڕە دوانە ئۆکسیدی کاربۆنەی لە ئەنجامی سوتاندنی غازی سروشتی دەردەدرێتە هەواوە بەرێژەی ٧٠٪ کەمترە لەبڕی ئەو دوانەئۆکسیدی کاربۆنەی لە ئەنجامی سوتاندنی پێکهاتەیەکی تری نەوتی خاو دەردەدرێتە هەواوە.

وتیشی"سودێکی تری بەکارهێنانی غازی سروشتی ئەوەیە توانایەکی باشی هەیە و کەمتر یان درەنگتر پێویست بەصیانەکردنەوەی بەشە جیاجیاکانی نێو کۆمپانیاکان دەکات، هەروەکو هۆکارێکیش دەبێت بۆ کەمکردنەوەی دەردانی دوانەئۆکسیدی کاربۆن و غازە زیانبەخشەکانی

تر بۆناو بەرگە هەوا".

لەبارەی بوونی چارەسەر و ڕێگەیەك بۆ زیانەکان، ئەندازیارەکەی ژینگە ڕونیکردەوە، ئەمریکا و چین خەڵوزی بەردین بەکاردەهێنن بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و بوارەکانی تری پیشەسازی، کە ئەمە ڕێژەیەکی زۆر لە غازە زیانبەخشەکان دەکاتە هەواوە. بۆیە بەجێبەجێکردنی ڕێنمایی و مەرج و کۆت و بەندی ڕێکخراو و دامەزراوە جیهانییەکانی تایبەت بە ژینگە، دەتوانرێت کاریگەرییە خراپەکانی غازە زیانبەخشەکان کەمبکرێتەوە، هەروەکو ئێستا بانکی نێودەوڵەتی لەگەڵ کۆمپانیای ماس لە هەرێمی کوردستان ڕێکەوتنێکیان ئەنجامداوە، بەمەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکانی فڕێدانی غاز بۆناو هەوا، ئەویش بەجێبەجێکردن و پابەندکردنیان بەیاسای ئایزۆی ١٤٠٠١ ، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ کەمکردنەوەی فڕێدانی غازە

زیانبەخشەکـان بـۆنـاو هــەوا بەڕێژەی ٧٠٪ .

ئەو شارەزایەی بواری ژینگە ئاماژەی بەوەشکردووە، لەبەرئەوەی ژینگە سنوری نییە و هەموو مرۆڤایەتی لە ژینگە هاوبەشین، بۆیە پیسبوونی ئاووهەوا سنوردار نابێت، بەڵکو کاتێك غازی زیانبەخش دەکرێتە هەواوە، ئەوا تەواوی مرۆڤایەتی زیانیان پێدەگات.

"محمد قاسم" زانیاری زیاتری خستۆتەڕوو دەڵێت "ئەمریکا، چین، هندستان، ئەڵمانیا، ولأتی پیشەسازین و پشکی شێریان بەردەکەوێت لە پیسکردنی ژینگە، لەم ولأتانەدا بۆنموونە لە هندستان لەبری ئەوەی غاز یان پێکهاتەکانی نەوتی خاو بەکاربهێنرێت، خەڵوزی بەردین بەکار دەهێنن، کە ئەمەیان بەلأو کارەساتێکی زۆر گەورە لەسەر ژینگە و مرۆڤایەتی دروست دەکات، لەبەرئەوەی سوتاندنی خەڵوزی بەردین جگە لەوەی رێژەیەکی زۆر زۆر لە دوانەئۆکسیدی کاربۆن دەکاتە هەواوە، رێژەیەکی زۆریش لە غازە

زیانبەخشەکانی وەك نایترۆجین و ئۆکسیدەکانی و گۆگرد و ئۆکسیدەکانی دەکاتە ناو هەواوە، کە ئەم دوو پێکهاتەیە کاریگەری زۆر زۆر خراپیان لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەبێت، لە کوردستان و عێراقیش بەشێکی کەم لە کۆمپانیا و دامەزراوە پیشەسازییەکان پابەندن بەمەرجەکانی دامەزراوە جیهانییەکان بۆ پاراستنی ژینگە، تەنانەت هەندێك لەکارگە و کۆمپانیاکانی کوردستان کارکردنی قورسیان دەکەنە کاتی شەوان، لەبەرئەوەی لە شەواندا نەوتی رەش یان نەفتا بەکاردەهێنن، نەوتی رەش و نەفتاش لەرووی ژینگەییەوە بەپێی ستاندەرە جیهانییەکان بەهیچ شێوەیەك رێگەپێدراو و شیاو نییە بۆ بەکارهێنان، بەکارهێنانی ئەم دوو پێکهاتە مەترسیدارە لەرووی ئابورییەوە تێچووی کەمتر لەسەر کۆمپانیاکان دەکەوێت، بۆیە بەشێکی زۆر لەکۆمپانیا و کارگەکان پابەند نابن بەیاسا و رێنمایەکانی دامەزراوە جیهانییەکانی تایبەت

بەژینگە و دەستەی پاراستنی ژینگەی حکومەتی هەرێم".

بەپێی زانیارییەکانی ئەندازیاری ژینگە "محمد قاسم" لە کوردستاندا دوو وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە غازی سروشتی کاردەکەن، ئەوانیش بریتین لە وێستگەی کارەبای غازی سلێمانی لەچەمچەماڵ و وێستگەی غازی هەولێر، کە هەریەکێکیان لە ئێستادا ١٥٠٠ مێگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنن، ئەویش لە ڕێگای بۆڕی گواستنەوە لە کێڵگەی غازی کۆرمۆر لە قادرکەرەم غازی سروشتییان بۆ دابین دەکرێت.

## وزە و ڕۆڵی لە ئاڕاستەی سیاسەتی وڵاتان

"دۆناڵد ترەمپ" سەرۆکی ئەمریکا، ئیدانەی پەیوەندی وزەی نێوان روسیا و ئەڵمانیا دەکات، ئەو پێی وایە بەهۆی بەردەوامبونی هەناردەکردنی غازەوە لەلایەن روسیاوە، ئەڵمانیا دەکاتە کۆیلە و دیلی حکومەتی مۆسکۆ.

"ترەمپ" لەکاتی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئەمینداری گشتی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی لە برۆکسل بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندووە، روسیا بەتەواوەتی کۆنترۆڵی ئەڵمانیای کردووە، ئەویش دوای ئەوەی هێڵی نوێی بۆڕی بەناوی (سیلی باکوری ٢) بونیاتنا و بەوهۆیەشەوە حکومەتی مۆسکۆ ٧٠٪ی غازی سروشتی خۆی ڕەوانەی ئەڵمانیا دەکات، بەمەش ئەڵمانیا وەکو دیل و کۆتوبەندی روسیای لێدێت.

سەرۆکی ئەمریکا لەو لێدوانەی بۆ

ڕۆژنامەنووسان ڕەخنەی توندی لە وڵاتانی ئەندامی ناتۆ گرتووە، بەوەی گلۆپی سەوزیان بۆ روسیا هەڵکردووە، تاکو ئەو هێڵی بۆرییە ڕابکێشێت و بەوهۆیەشەوە ڕێژەیەکی زۆر لە غازی سروشتی رەوانەی ئەوروپا و بەتایبەتیش ئەڵمانیا بکات. ئاماژەی بەوەشکردووە ئەو کارە وایکردووە ملیارەها دۆلار بۆ روسیا دابین بکات، بۆیە پێویستە بەجدی بیر لەو کارە بکرێتەوە و ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە.

رەخنە توندەکانی "دۆناڵد ترەمپ" لەکاتێکدایە، ئەو پڕۆژەیەی روسیا پێویستی بە مۆڵەت و رەزامەندی هەریەك لەوڵاتانی وەکو فنلەندا، سوید، ئەڵمانیا هەیە کە ئەندامن لە ڕێکخراوی ناتۆ.

حکومەتی روسیا لەچەند دەیەی رابردوودا لە هەوڵی ئەوەدابوو بازاڕێکی گەورە و هەمیشە بدۆزێتەوە بۆ بەرهەمە سروشتییەکەی، بۆئەو مەبەستەش گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك وڵاتی

ئەوروپی کردووە، تاکو هێڵی بۆڕیی غازی ڕوسیای پێدا تێپەڕبێت، تاکو غازە سروشتییەکەی بگاتە گەورەترین و دیارترین بازاڕی غازی ئەوروپی.

حکومەتی ڕوسیا لەساڵی ۲۰۱۷دا توانیویێتی نزیکەی ۱۹۲,۲ ملیار مەتر چوارگۆشە غازی سروشتی ڕەوانەی بازاڕی بیانی بکات، کە لەو بڕە ٥٣,٤٤ ملیار مەتر چوارگۆشەی ڕەوانەی ئەڵمانیا کردووە، کە دەکاتە بڕی ۲۸٪ی کۆی ئەو غازەی ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتەکەی کردووە.

## روسیا دەیەوێت لە پێشەنگدا بمێنێتەوە

حکومەتی روسیا دەستیکردووە بە پڕۆژەیەکی گەورەی غاز لە نیمچە دورگەی (یامال) لە بەشێك لە گێڵگە غازییەکانی کە دەکەوێتە جەمسەری باکور لە سیبیریا بەدووری ٢٥٠٠ کیلۆمەتر لە مۆسکۆی پایتەختەوە، ئەو ناوچەیە لەڕووی کەشوهەوا و جیۆلۆجییەوە بارودۆخێکی سەخت و دژوار و تایبەتی هەیە بەشێوەیەك زۆربەی کات پلەی گەرمی ٥٠ پلەی ژێر سفر دەبێت، پڕۆژەکە بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیاکانی چین و کۆمپانیای تۆتاڵی فەڕەنسی ئەنجامدەدرێت.

گروپی کۆمپانیای تایبەتی روسی "نۆفاتیك" سەرپەرشتی تیمێکی نێودەوڵەتی دەکات لە پڕۆژەکەدا، روسیا یەکەمین کەشتی گوێزەرەوەی غازی جوڵە پێکرد، ئەوەش دوای ئەوەی رایگەیاندبوو، دەستییان کردووە بە

بەرهەمهێنانی غاز لە هێڵی یەکەمی بەرهەمهێنانی غاز کە مەزەندە دەکرێت ساڵانە بڕی ٥,٥ ملیۆن تۆن غازی لێ بەرهەمبێت.

ئەم پڕۆژەیە بەهای ٢٧ ملیار دۆلاری تێچووە، یەکێکە لە گەورەترین و فراوانترین پڕۆژەکانی غاز لەسەر ئاستی جیهان، کە ئامانج لێی بەرهەمهێنانی ١٦,٥ ملیۆن تۆن غازە لە ساڵێکدا، وابڕیارە پڕۆژەکە بە سێ قۆناغ و لەساڵی ٢٠١٩دا بگاتە کۆتایی.

پڕۆژەکە پێویستی بە بونیادنانی فڕۆکەخانە و بەندەر و عەمباری گەورە هەبوو، لەگەڵ دروستکردنی چەند کارگەیەك.

گەورەیی و کاریگەریی پڕۆژەکە بەشێوەیەکە "سامۆئیل لۆساك" شارەزا لەبواری کەرتی سوتەمەنی روسیا ئاماژە بەوە بدات، کە کارکردنی کۆمپانیای تۆتاڵی فەڕەنسی لەم پڕۆژەیەدا ڕۆڵێکی باشی دەبێت لە بەرزکردنەوەی جێگە و ناوی کۆمپانیای تۆتاڵ بەشێوەیەك ناوی

کۆمپانیاکە بچێتە ڕیزبەنــدی دووەمەوە لە لیستی کۆمپانیاکانی جیهان لەبواری وزەدا.

ئەوروپا لەژێر ڕەحمەتی کۆمپانیا روسییە گەورەکاندایە، سەرەڕای ناکۆکییە سیاسییەکان و لێدوانە توندەکانی بەرپرسانی بالأی بەریتانیا و فەرەنسا لەدژی روسیا و تەنانەت کشانەوەی نوێنەران و باڵیۆزانی بەریتانیا لە روسیا، بەلأم شارەزایان پێیان وایە هەڵوێستی بەریتانیا وەکو پێویست نییە لەبەرامبەر روسیا، ئەویش بەهۆی ئەو پشتبەستنەی ئەوروپا و بەتایبەتیش بەریتانیا بە غازی روسیا، بۆیە پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە پەیوەندییەکی شەرمنانەیە لەگەڵ یەکتریدا.

ڕۆژنامەکانی بەریتانیا لە زاری شارەزایانی کۆمپانیای "ئێس پی گلۆباڵ پلاتس" S&P global plats کە تایبەتە بە توێژینەوە و شیکار لەبواری وزەی جیهانیدا، ئاشکرایانکردووە، پشت بەستنی وڵاتانی ئەوروپــا بە غــازی روسیا

**تاکـە بـژاردەیە لـــە بەردەمیاندا.**

**رۆژنامەی "دەیلی مەیڵ"ی بەریتانی ئاماژەی بەوەکردووە کە وڵاتانی ئەوروپا نزیکەی ٣٥٪ی پێداویستی غازی لە وڵاتی روسیاوە هاوردە دەکات، کۆمپانیای "گازپڕۆم"ی روسی لەساڵی ٢٠١٨دا زیاتر لە ١٦ ملیار مەتر سێجا غازی بە بەریتانیا فرۆشتووە، ئەوەش ٢٠٪ی ئەو رێژەیەیە کە حکومەتی بەریتانیا پێویستێتی. ئەم پێداویستییەی ئەوروپایە بە غازی روسیا کەوایکردووە هەناردەکردنی غازی روسیا بۆ وڵاتانی ئەوروپا لەساڵی ٢٠١٧دا بگاتە ١٩٤ ملیار مەتر سێجا.**

## یەدەگی وزەی روسیا لە هەڵکشاندایە

کۆمپانیای نەوتی BP ئاشکرایکردووە، لەم ساڵانەی دواییدا وڵاتی روسیا گەورەترین زیادەی یەدەگی نەوت و غازی هەیە لەسەر ئاستی جیهان، کە توانیویێتی سەربکەوێت بەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کە گەورەترین بەرهەمهێنی وزەیە لە جیهاندا. کۆمپانیاکە ئاماژەی بەوەشکردووە، روسیا توانیوێتی بڕی ١٠ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی زیادبکات، ئەو بڕەش بەشی ١٠٠ رۆژی وزەی پێویستی جیهان دەکات.

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان ئاماژە بەوەدەکەن، داواکاری بۆ نەوت لەسەر ئاستی جیهان زیادیکردووە بۆ ٨٤٣ هەزار بەرمیل رۆژانە. بەڵام بۆیەکەمینجار لەساڵی ٢٠١٥دا یەدەگی نەوتی روسیا دەبێتە ١٠٣ ملیار بەرمیل نەوت لەکاتێکـدا

لەساڵـی ٢٠١٣دا بــڕی یەدەگــی نەوتــی روســیا بریتی بوو لە ٩٣ ملیار بەرمیل نەوت.

ئـەوەش وایکـردووە روسیا بازێکی گەورە بدات و لە بڕی یەدەگی نەوتدا پێشی هەریەك لە وڵاتانی کوەیت و ئیمارات بکەوێت و لە پلەی شەشەمدا بێت لەدوای هەر یەك لە وڵاتانی فەنزوێلا، سعودیە، کەنەدا، ئێران، عێراق.

لەکاتێکدا ئەمریکا بڕی یەدەگی نەوتی لە ساڵی ٢٠١٥دا بەرزکردەوە بۆ ٤٨,٥ ملیار بەرمیل، کە ساڵی ٢٠١٤ بڕی یەدەگی نەوتی بریتی بوو لە ٤٤ ملیار بەرمیل نەوت.

بەزیادبونی بڕی یەدەگی نەوتی ئەمریکا و روسیا بۆ ١٧٠٠ ملیار بەرمیل، ئەمەش ئەو بڕە سوتەمەنییەیە کە جیهان لەماوەی ٥٢ ساڵدا پێویستێتی.

## جەنگی غـــاز

ئەگەر ئابوری شادەماری سیاسەت بێت، ئەوا وزە شادەماری ئابورییە، کەواتە دەتوانین بڵێین وزە شادەماری سیاسەتە، لەنێو وزەشدا، غازی سروشتی رۆڵێکی گەورەی هەیە لەسەر دۆخی ئابوری و سیاسەت، لەبەرئەوەی غازی سروشتی دۆستی ژینگەیە و بە بەراورد بە نەوت، خاوێنترەو سود و کەڵکێکی زۆریشی هەیە.

ئەگەر لە نەخشەی یەدەگی غازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت ساڵانێکی زۆرە سروشت ململانێیەکی بەردەوامی هەیە لەناوچە جیاجیاکانی جیهان، وە بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە چەقی ململانێکەی تیادا کۆبووەتەوە.

وڵاتی روسیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە پێشەنگە لە یەدەگی وزەدا لەسەر ئاستی جیهان، دوابەدوای

ئەویش هەریەك لە وڵاتانی ئێران، قەتەر، ئەمریکا، سعودیە، دێن. ئەم وڵاتانەی ناویان هاتووە، ئەگەر تێبینی بکەین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ململانێیەکی ئەوتۆیان هەیە و چەقی ململانێکەش کەوتووەتە خاکی سوریاوە، گومانی تێدانییە هۆکاری سەرەکی شەڕو ناکۆکی و ململانێکان بەهۆی وزەوەیە.

وڵاتی روسیا کە بە گەورەی غازی جیهان ناسراوە، زۆرجار خواستی بووە بەهۆی سامانە سروشتییە زۆرەکەیەوە خۆی بسەپێنێت بەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بەوپێیەی یاریکەرێکی سەرەکییە لەبواری وزەدا و لایەنی یەکەمی یەکلاکەرەوەی سیاسەتی وزەیە لەسەر ئاستی جیهان. لەو نێوانەشدا گەورە کۆمپانیای گازپرۆم بووە بە نوکی رم لە چونی بۆ خاکی هەندێ وڵات، ئەمە لەئێستادا بەشێوەیەکی زۆر باش لەسەر نەخشەی وزەی جیهان بەدیدەکرێت.

چونکە لەئێستادا کۆمپانیای گازپرۆمی روسی

له دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی، له وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند وڵاتێکی باکوری ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بوونی هەیە و کاردەکات.

هەروەها حکومەتی روسیا توانیوێتی بە جێبەجێکردنی پرۆژەی "سەیل"ی باکور له ٣٤٪ی پێداویستییەکانی غازی ئەوروپا دابین بکات، ئەوەش کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر هەڵوێست و سیاسەتی وڵاتانی ئەوروپا لەبەرامبەر روسیا.

ئەوە ڕاستییەکە و ناکرێت ددانی پێدا نەنرێ کە بەو پڕۆژەیە روسیا توانیوێتی بازاڕی وزەی ئەوروپا کۆنترۆڵ بکات. هەر لەبەرئەوەشە وڵاتانی ئەوروپا بیریان لەوە کردەوە کە خۆیان رزگار بکەن لەو کۆتوبەندەی وزەی روسیا، بۆئەو مەبەستەش بیریان لەوەکردەوە کە پرۆژەی نابوکۆ جێبەجێ بکرێت، بەتەواوبونی ئەو پرۆژەیەش ئەوروپا چیتر لەژێر دەسەڵات و حوکمی وزەی

روسیا نامێنێتەوە. هەوڵدەدرێت بە بەکۆتاهاتنی پرۆژەی نابوکۆ، رۆڵی روسیا و وزەی ئەو وڵاتە لەسەر وڵاتانی ئەوروپا کەمبکرێتەوە. پرۆژەی نابوکۆ بەشێوەیەکی گشتی پشت دەبەستێت بە غازی سروشتی وڵاتی تورکمانستان کە لە پلەی چوارەمدا دێت لەسەر ئاستی جیهان لە بوونی یەدەگی غازی سروشتی.

پلانی پرۆژەکەش ئەوەیە غازی ناوچەی دەریای قەزوین و تورکمانستان بە بۆڕی بگوازرێتەوە بۆ ئازەربایجان و لەوێشەوە بۆ تورکیا و دواتر بەرەو وڵاتانی ئەوروپا، هەر لەبنەڕەتیشەوە پرۆژەی نابوکۆ بریتییە لە گواستنەوەی غازی سروشتی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بۆ ئەوروپا بەبێ ئەوەی بەخاکی روسیادا تێپەڕببێت.

## بەشی چوارەم

- میژووی غازی سروشتی لە عیراق
- کۆمپانیای غازی باکور "کەرکوك"
- کۆمپانیای غازی باشور "بەصرە"
- تەنها بەهۆی غازەوە سالانە ٤٤ ملیۆن تۆن غازی $CO_2$ دەکرێتە هەواوە
- بەرهەمهێنانی غاز

## (بەشی چوارەم)

## مێژووی غازی سروشتی لە عێراق

تاکو ئێستا غازی سروشتی نزیکەی یەك لەسەر چواری وزەی بەکارهاتوو پێکدێنێت لەسەر ئاستی جیهان، ئەویش بەهۆی ئەوەی وزەیەکی پاکە و زیان و لێکەوتە خراپەکانی زۆر کەمە بە بەراورد بە سەرچاوەکانی تری وزە. غاز سەرچاوەیەکی گرنگی وزەی گەرمی و سەرچاوەیەکی باشە بۆ کارپێکردنی ئامێرە میکانیکی و کارەباییەکان لە کەرتی گواستنەوە و پیشەسازی و کارەبا و نیشتەجێبوون.

بەدەرلەوەی کە وەکو سەرچاوەیەکی گەورە و گرنگی وزە دادەنرێت، غازی سروشتی لە زۆرێك لە بوارەکاندا کەڵکی لێوەدەگیرێت و مادەیەکی سەرەتاییە بۆ پیشەسازییە پترۆکیمیاییەکان و بەرهەمهێنانی مادەی دژە مێروو و مادە

کشتوکاڵییەکان، هەر لەبەرئەوەشە بە جێگرەوەی وزەی نەوت دادەنرێت. وە غازی سروشتی بەڕێژەی ٤٠٪ لە هەوا سوکترە، بۆیە هەمیشە ئەگەری دزەکردن و بڵاوبونەوەی بەناو هەوادا هەیە.

وڵاتی عێراق بەپلەی دەیەم دێت لە بوونی یەدەگی غازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان، ئەویش دوای هەریەك لەوڵاتانی روسیا، ئێران، قەتەر، سعودیە، ئیمارات، ئەمریکا، نایجیریا، فەنزوێلا، جەزائیر دێت، بڕی یەدەگی غازی سروشتی عێراق لەساڵی ٢٠١٧دا گەیشتووەتە نزیکەی ١٣٥ ترلیۆن پێ سێجا.

مێژووی پیشەسازی غازی سروشتی لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٧، عێراق خاوەنی بڕێکی زۆر لە غازی سروشتی سەربەخۆ و تێکەڵ لەگەڵ نەوتە. واتا ئەو غازەی لە عێراق هەیە بەدوو شێوە بوونی هەیە. یەکەمیان ئەو غازەیە کە بەشێوەی سەربەخۆ و لە چاڵە غازەکاندا هەیە،

وەکو چاڵە غازەکانی چەمچەماڵ و کۆرمۆر لە قادرکەرەم. دووەمیش ئەو غازەیە کە لەگەڵ نەوت تێکەڵە و لەکاتی دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوتدا غازەکەی لێ جیادەکرێتەوە. جا ئەو غازە جیاکراوەیە یان چارەسەرکراوە و گلدەدرێتەوە و لەبواری پیشەسازیدا سود و کەڵکی لێوەردەگیرێت، یانیش گل نادرێتەوە و لە ڕێگەی تاوەرەکانی سوتاندنەوە وەکو ڕۆژانە لە کێڵگە و پاڵاوگەکاندا دەیانبینین دەسوتێنرێن و تێکەڵی هەوا دەکرێت.

کۆمپانیا بیانییەکان لەسەرەتادا و لەساڵی ١٩٢٧و لەکاتی دۆزینەوەی کێڵگەی بابەگوڕگوڕ لە کەرکوك هیچ گرنگییەکیان بەو غازە نەداوە کە لەگەڵ نەوت تێکەڵە، بۆیە هەر لەوکاتەوە ئەو غازە زۆرەی کە لەگەڵ نەوت دەهاتە دەرەوە بەفیڕۆ دەدراو دەسوتێنرا، هاوکات چەند بیرێکی غازیشیان داخستەوە و بەرهەمهێنانیان تێدا نەکرد، وەکو کێڵگەی چەمچەماڵ و کۆرمۆر لە

ناحیەی قادرکەرەم.

دواترو بە پێشکەوتنی پیشەسازی، حکومەتی عێراق لەدوای سالأنی پەنجا بیری لەوە کردەوە کە دەبێت گرنگی بە غازیش بدات، لەبەرئەوەی دەرکەوت غازیش یەکێکە لە سەرچاوە گرنگ و بە بایەخەکانی وزە و دۆستی ژینگەیە و لە زۆر بواری پیشەسازیدا سودی لێوەردەگیرێت.

بۆئەو مەبەستەش حکومەتی عێراق لەسالأنی شەستی سەدەی رابردوو دەستیکرد بە بونیادنانی پرۆژەی گرنگ لەبواری وەبەرهێنانی غازدا، بۆنمونە لە شاری بەسرە وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای "نەجیبیە" و کارگەی چیمەنتۆی "ئەبو فلوس" و وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبای "شوعەیبە"ی دامەزراند.

بەلأم گرنگیدانی تەواوەتی عێراق بە غازی سروشتی لە سالأنی حەفتای سەدەی رابردوو بوو، کە ئەو سالأنە بە سالأنی ئالأتونی ناودەبرێت لە بەرهەمهێنانی غازدا، لەو سالأنەدا حکومەتی

عێراق دەیان پڕۆژەی بونیادنا بەسودوەرگرتن لە غازی سروشتی، ئەم پێشڕەوییە لەبواری وەبەرهێنانی پیشەسازیدا هەتا سەرەتای ساڵانی هەشتا مایەوە.

کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق لە ساڵانی هەشتا دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی گەورەی غازی باشور بە توانای ١٠٥٠ ملیۆن پێ سێجای پێوانەیی لەرۆژێکدا.

## کۆمپانیای غازی باکور "کەرکوك"

تۆڕی غازی نیشتمانی لە باشورەوە درێژکرایەوە بۆ بەغدا و ناوەڕاستی عێراق، دواتر گەیەنرا بە تۆڕی غازی باکورەوە لە شاری کەرکوك. بەلاّم لەڕووی پیشەسازییەوە، تەنها چەند وێستگەیەکی کارەبا بونیاتنرا، وەکو وێستگەی کارەبای ناسریە، حاریسە، خور، نەجەف، حیللە. لەگەڵ چەند کارگەیەکی پەینی کیمیایی و پترۆکیمیاوی و ئاسن و کارگەی چیمەنتۆ لە سەماوە و نەجەف و کوبەیسە.

لە سالاّنی هەشتای سەدەی رابردوو، حکومەتی عێراق هەناردەکردنی غازی دەستپێکرد لە کێڵگەی رومێلەوە بۆ ولاّتی کوەیت، دواتریش توانرا غاز هەناردەی هەریەك لەولاّتانی ئەردەن و سوریا و تورکیا بکرێت.

بە بـــڕیاری ئەنجـــومەنی سەرکردایەتی شۆڕشـی

**حــزبــی بەعــس ژمــارە ١٤٠٠ و لە ١٩٨٠/٩/١ و لەچوارچێوەی یاسای رێکخستنی وەزارەتی نەوت ژمارە ١٠١ی ساڵی ١٩٧٦، بڕیاردرا بە دامەزراندنی کۆمپانیا و دامەزراوە پیشەسازییەکان لە ناوچەی باکوری عێراق (کەرکوك).**

**ئامانج لە دامەزراندنی کۆمپانیای غازی باکور، بریتی بوو لە چارەسەرکردن و بەفیڕۆنەدانی ئەو غازەی کە لەگەڵ بەرهەمێنانی نەوتدا دێتە سەر زەوی، تاکو کەڵکی لێوەربگیرێت و چەند بەرهەمێکی لێدەربهێندرێت وەك:**

**- غازی وشك:** **وەکو سوتەمەنییەکی پاکە، ئاسان بەکاردەهێندرێت، بەتایبەتی لە کارپێکردنی لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و کارگەکانی چیمەنتۆ، سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ کارگە پیشەسازییەکانی باکور و ناوەڕاستی عێراق بەتایبەتی کارگەکانی پەینی کیمیایی و پترۆکیمیاوی.**

- **غازی شل:** بەشێوەی شل وەکو غازی ماڵان سوودی لێوەردەگیرێت.

-**گازۆلینی سروشتی:** وەکو سوتەمەنی بەکاردێت دوای ئەوەی بە قۆناغەکانی پاڵاوتندا دەڕوات.

- **گۆگرد:** وەکو مادەیەکی سەرەتایی کەڵکی لێوەردەگیرێت لە پیشەسازییە بچوکەکان، بڕێکیشی هەناردەی دەرەوەی وڵات دەکرێت.

کۆمپانیای غازی باکور بەشێوەیەك دیزاین و بونیاتنرا کە لە ڕۆژێکدا توانای بەرهەمهێنانی ١٥ ملیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی هەبێت. کارەکانی بونیاتنانی ئەم کۆمپانیایە لە ساڵی ١٩٨٥دا چووە قۆناغی کۆتاییەوە، ئامانج لێی بەرهەمهێنانی غاز بوو بەبڕی ٨-١١ ملیۆن مەتر سێجا غاز، کە دەتوانرا لەساڵێکدا ٧٣٥ هەزار تۆن پرۆپان و ٤٤٨ هەزار تۆن غازی بیوتان و ٣٨٤ هەزار تۆن گازۆلین-ی سروشتی و ٥٢٨ هەزار تۆن گۆگرد بەرهەمبهێندرێت.

کـۆمپـانیـای غـازی باکـور، پێکـهاتـووە لە هەشت

وێستگەی بەرهەمهێنان و کۆکردنەوەی غازی کێڵگەکانی باکور (کەرکوك) و دواتر تێکەڵکردنی بە هێڵی سەرەکییەوە کە درێژایی تەواوی تۆڕەکانی ئەم کۆمپانیایە بریتییە لە ٢٥ کیلۆمەتر.

## کۆمپانیای غازی باشور "بەصرە"

کۆمپانیای غازی باشور لە ساڵی ١٩٧٩ دامەزراوە، ئەویش لەوکاتەی کە هەست بەگرنگی غاز کرا لەبواری پیشەسازیدا، بەڵام تائەوکات بڕێکی زۆر کەمی نەبێت کە لە چاککردنەوە و هەندێ بەشی پاڵاوگەکانی بەسرەدا سودی لێوەردەگیرا، تەواوی غازە سوشتییەکە کەڵکی لێوەرنەدەگیرا، بەڵکو بڕێکی ئێجگار زۆری بەفیڕۆ دەدرا و دەسوتێنرا. لەکاتێکدا وێستگەکانی جیاکردنەوەی غاز لە بەسرە ٢٩ وێستگەن، کۆمپانیای نەوتی باشور رۆژانە ٢٩٢ ملیۆن پێ سێجا غاز بەکاردەهێنێت لە ئیشوکارەکانی ناوخۆی کۆمپانیاکەدا.

کۆمپانیای غازی باشور، وا بونیاتنراوە کە لەتوانایدا هەیە رۆژانە ٢٩.٧ ملیۆن مەتر سێجا بەرهەم بهێنێت. کۆمپانیاکە سێ بەشی سەرەکی

هەیە بۆ جیاکردنەوەی غازی سروشتی شل، بەشی یەکەم، دەکەوێتە کارگەی غازی باکوری رومێلەوە، ئەم بەشە غاز دەنێرێت بۆکۆمەڵەی غازی زوبێر و لەوێ دەپاڵێورێت و پێکهاتەکانی تری لێ جیادەکرێتەوە. هەروەها چەند یەکەیەکی تری هەیە بۆ بەرهەمهێنانی پرۆپان و بیوتان و نەفتا.

کۆمپانیای غازی بەسرە لە ساڵی ٢٠١٠دا بونیاتنانی تەواوبووە، ئەویش بە بەشداری کۆمپانیای غازی باشور بەرێژەی ٥١٪ و کۆمپانیا شێڵ بەرێژەی ٤٤٪ و کۆمپانیای میتسوبێشی بەرێژەی ٥٪، ئەم پرۆژەیەش یەکەیەکی بەرهەمهێنانی غازی تێدایە کە رۆژانە توانای ٦٠٠ مەتر سێجا غازی هەیە.

کۆمپانیای شێڵ و غازی باشور لەسەرەتادا دەستیانکرد بە کارکردن بەمەبەستی بەکارهێنانی غازی سروشتی لە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، ئەم کۆمپانیایانە رێژەی بەرهەمهێنانی غازیان

بەرزکردەوە بەشێوەیەك ڕۆژانە عێراق بڕی ١٢٠٠ تۆن غازی شل ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکات بۆ فرۆشتن، هاوکات ڕۆژانە بڕی ٤٠٠٠ تۆن غازیش دەسوتێنێت کە هێشتاکە ناتوانێت کەڵکی لێوەربگرێت.

لەم ساڵانەی دواییدا و بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە، شارەزایان و پسپۆڕانی بواری وزە لە عێراق پێشنیازی دروستکردنی چەند کارگە و ناوەندێکی پیشەسازییان کرد، تاکو سوود لە غازی سروشتی وەربگیرێت. شارەزایانی بواری پیشەسازی غاز لە عێراق دەڵێن لەتوانادا هەیە ڕۆژانە ٦٠٠٠ ملیۆن پێ سێجا غاز لە کێڵگە نەوتییەکان بەرهەمبهێنرێت، ئەو بڕەش بەشی بەکارهێنانی ناوخۆی وڵات دەکات و بەشێکیشی لێ دەنێردرێتە دەرەوە، لەکاتێکدا ڕۆژانە بڕی ٧٠٠ ملیۆن پێ سێجا تەنها لە کێڵگە نەوتییەکانی بەسرە دەسوتێنرێت و دەخرێتە هەواوە.

لەئێستادا عێـراق ڕووبەڕووی کێشـەیەکـی گـەورە دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی سوتاندن و بەفیڕۆدانی غازی سروشتییەوەیە، کێشەکەش بریتییە لە پەنگخواردنەوەی زیاتر لە ٢٠ ملیۆن تۆن غازی زیانبەخش ساڵانە، کە مەترسیدارترینیان غازی دوانەئۆکسیدی کاربۆنە، کە یەکێکە لەو غازانەی مەترسی گەورەی بۆسەر ژینگە و ژیانی مرۆڤایەتی دروستکردووە. ئەم کێشەیەش هەوڵی ڕاستەقینە و پلان و بودجەی باشی پێویستە، تاکو بتوانرێت ئەم وڵاتە لەم مەترسی و کاولکارییە ژینگەیی و ئابورییە ڕزگار بکرێت.

## تەنها بەهۆی غازەوە، ساڵانە ٤٤ ملیۆن تۆن غازی $CO_2$ دەکرێتە هەواوە

تێکڕای نرخی غاز لەنێوان ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٥ بریتی بووە لە ٧ دۆلاری ئەمریکی بۆهەر یەك ملیۆن یەکەی گەرمی بەریتانی، وزەی هەر یەکەیەکی بەریتانی بریتییە لە ١٠٥٥ جوڵ، وەك زانراویشە ئەو وزەیە بریتییە لەو وزەیەی کە پێویستە بۆ گەرمکردنی (یەك رەتڵ) یاخود (یەك پاوەند) لە ئاو لە یەك پلەی گەرمی فەهرەنهایت، ئەمەش واتا ئەو زیانەی کە دەکرێت بە پارە بریتییە لە ١٥,٥ ملیار دۆلار، ئەو بڕە پارەیەش دەتوانرێ چەندین پڕۆژەی خزمەتگوزاری وەکو بینای خوێندنگە و نەخۆشخانە و یەکەی نیشتەجێبوونی پێ بونیات بنرێت. بەڵام زیانەکانی بەفیڕۆدانی غاز رۆژانە، کە دەکرێ لە بەرهەمهێنانی کارەبادا، یاخود وەکو غازی ماڵان

بەکاربهێنرێت، ئاماژە بەوەدەکرێت رۆژانە بڕی ١٢٠٠ ملیۆن پێ سێجا غازی وشك لەدەست دەدرێت، ئەو بڕەش بەشی بەرهەمهێنانی ٦٠٠٠ مێگاوات کارەبا دەکات، کە لەئێستادا تەواوی عێراق بەدەست کەمی و نەبونی کارەبای پێویستەوە دەناڵێنێت.

لەلایەکی ترەوە رۆژانە ٧٥٠٠ حەوت هەزار و پێنج سەد تۆن غازی شل بەفیڕۆ دەدرێت، ئەوەش واتا بەفیڕۆدانی ٦٠٠ هەزار بوتڵی غازی ماڵان.

سەبارەت بە رێژەی زیانە ژینگەییەکان بەهۆی سوتاندنی غازەوە، رۆژانە ١,٥ ملیار پێ سێجا غاز دەسوتێنرێت، بەمەش ساڵانە بڕی ٤٤ ملیۆن تۆن غازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەکرێتە هەواوە، ئەو رێژەیەش بریتییە لەو دوکەڵ و غازەی کە زیاتر لە ٧ حەوت ملیۆن ئۆتۆمبێل دەری دەکەنە ناو ژینگەوە.

## بەرهەمهێنانی غاز

غازی سروشتی لە عێراقدا، لە دوو ناوچەی سەرەکییەوە بەرهەمدەهێندرێت. ئەویش باشور و باکوری عێراق، بڕی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی بەپێی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو گۆڕانکاری بەسەردا هات، ئەویش بەهۆی ئەوەی بەشێکی ئەو غازەی لە عێراق بەرهەم دەهێندرێت، لە کێڵگە نەوتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و لەگەڵ نەوتی خاودا دێتە سەر زەوی.

تاکو سالآنی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بڕێکی زۆری ئەو غازە سروشتییەی بەرهەم دەهێندرا، بەفیڕۆ دەدرا و کەڵکی لێوەرناگیرا، ئەویش بەهۆی ئەوەی پیشەسازی غاز لە عێراق هێشتا لە قۆناغێکی سەرەتادا بوو. بەڵام هەر لە دەیەی هەشتاکان، پیشەسازی غاز لە عێراقدا گۆڕانکاری گەورە و قۆناغێکی باشی بڕی، ئەویش بەوەی

ڕێژەی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی لە ساڵی ١٩٨٠دا بریتی بوو لە ١١,٤٪ و بەرزکرایەوە بۆ ٨٨,٧٪ لەساڵی ١٩٩٨دا. هاوکات ڕێژەی غازی سروشتی فرۆشراو لە ساڵی ١٩٩٨دا کە بریتی بوو لە ٣,١ ملیار مەتر سێجا لە ساڵێکدا، بەرزکرایەوە بۆ ٥،٥ ملیار مەتر سێجا لە ساڵی ٢٠٠٢دا.

بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢ەوەوە ڕێژەی فرۆشی غازی سروشتی عێراق کەمیکرد، بەشێوەیەك لەو ساڵەدا دابەزی بۆ ٣٦،٢ ملیار مەتر سێجا، ئەو کەمکردنە بەردەوام بوو تاکو لە ساڵی ٢٠٠٤دا ڕێژەکە گەیشت بە یەك ملیار مەتر سێجا. هەموو ئەمەش پەیوەندی بەو بارودۆخە سیاسی و ئەمنییە ناجێگیرەوە هەبوو کە حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا توشیهات و حکومەتی حزبی بەعس لە دەسەڵات لادرا. بەڵام دواتر و لە ساڵی ٢٠٠٩دا وڵاتی عێراق توانی بڕی ١,١ ملیار مەتر سێجا غاز بفرۆشێت.

بە درێژایی ساڵانی پێش پرۆسەی ئازادی عێراق لە ٢٠٠٣دا، حکومەتی عێراق لە دوو ناوچەی سەرەکی غازی بەرهەمدەهێنا و دەیخستنە بازاڕەوە، ئەوانیش کێڵگەکانی کەرکوك و بەسرە بوون.

## سەرچاوەكان

بۆ داتا و ژمارە و زانیارییەکان، سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١- گۆڤاری ئایدیا دیبلۆماتیك. ژمارە ٣٦

٢- رۆژنامەی کوردستانی نویٚ

٣- ماڵپەڕی گۆڵف نیوز

٤- ماڵپەڕی العراق بزنس نیوز

٥- ماڵپەڕی وەزارەتی نەوتی عێراق

٦- ماڵپەڕی بانكی نێودەوڵەتی

٧- ماڵپەڕی فلوینتا

٨- ماڵپەڕی ئەلیەوم

٩- ماڵپەڕی شەرقولئەوسەت

١٠- رۆژنامەی ریازی سعودی

١١- ماڵپەڕی ویکیلیێکس

١٢- Caliberplanning

١٣- سکای نیوز عەرەبییە

١٤- روسیا ئەلیەوم

١٥- ئەبو مەحجوب نیوز

١٦- پیشەسازی نەوت و غاز لە عێراق، توێژینەوەی شیکاری

١٧- رۆژنامەی صەباح

١٨- ڕێکخراوی ئۆپیك، راپۆرتی ساڵی ٢٠١٠

١٩- مركز الروابط للبحوث والدراسات اللأستراتيجية

٢٠- شبكة الأقتصاديين العراقيين

٢١- يقين نيت www.yaqein.net

٢٢- شركه غاز البصره

www.basrahgas.com

٢٣- ئاژانسی فرانس پرێس

٢٤- ئاژانسی خەلیج ئۆنلاین



**زیان و مەترسییەکانی**

**سوتاندنی غاز**